# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگای سلێمانی و کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی پێداویستییە ئاوییەکان

**شاسوار محمد محمود[1] - عطا محمد علاءالدين[2]**

[1]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دەرخستنی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی (١-کەرتە مرۆیی و ئابوورییە جیاوازەکان و ٢-پارێزگا)، و دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری بەنداوە پێشنیارکراوەکان لە پڕکردنەوەی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگاکە. لەم توێژینەوەدا، میتۆدی (استقرائی-خوێندنەوەیی) و ڕێگاکانی شیکردنەوە و بەراوردکاری بەکارهاتون. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە، گرنگترینیان، بەنداوە پێشنیارکراوەکان، دەتوانن ڕێژەی (%٧٢,٦٤)ی پێویستییە ئاوییەکانی کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی دابین بکەن. ئەوەش ئەنجامێکی گرنگە و دەریدەخات لە داهاتودا بەنداوە پێشنیارکراوەکان ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ دانیشتوانی پارێزگاکە، ڕاڕایی بارانبارین و کەمکردنی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی پارێزگای سلێمانی لە ئێستادا، گرنگی و پێویستی دامەزراندنی بەنداوە پێشنیارکراوەکان دەردەخات لە داهاتودا، چونکە ئەم بەنداوانە لەلایەک ئاوی باران گەنجینە دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی کەم دەکەنەوە و ڕۆڵیان دەبێت لە کەمکردنەوەی کێشەی کەمئاوی و کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی. لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگا، لەسەر بنەمای (بڕی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان بەراورد بە پێویستییە ئاوییەکانیان) جیاوازی بەدی دەکرێت، بەجۆرێک: چەند قەزایەک دەکەونە دەستەی زۆر هاوسەنگ و چەند قەزایەکی دیکە دەکەونە سنوری دەستەی هاوسەنگ، هەروەها چەند قەزایەک دەکەونە دەستەی ناهاوسەنگ.

**کلیلە وشەکان:** بەنداوە پێشنیارکراوەکان، دابینکردنی ئاو، پێداویستییە ئاوییەکان، پارێزگای سلێمانی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

**Received:** 23-February-2022

**Accepted:** 15-May-2022

**Published:** 29-December-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

shaswar.ranya86@uor.edu.krd

ata.alaadin@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ئاو یەکێکە لە گرنگترین دەرامەتە سروشتییەکان، چونکە بنەمای ژیانی مرۆڤە و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بەجۆرێک بێ بونی ئاو مرۆڤ ناتوانێت لە ژیان بەردەوام بێت و چالاکییەکانی (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی) ئەنجامبدات. هەروەها دابینکردنی ئاو جگەلەوەی بنەمای بون و پەرەپێدانی زۆربەی چالاکییە ئابورییەکانە، لە هەمان کاتدا دابینکردنی ئاسایشی ئاو بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ دەوڵەت و سەروەرییەکەی، ڕودانی گۆڕانکارییە ئاووهەواییەکان و کەمکردنی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، ئاماژەن بۆ کەمبونەوەی دەرامەتی ئاو و هۆکاری هاندەرن بۆ دامەزراندنی بەنداوەکان و گەنجینەکردنی ئاو.

**گرنگی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوە لە بەنداوە بچوکەکان بەشێوەیەکی تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە لە ئێستاو لە داهاتودا ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری دەبێت لە دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاوی دانیشتوانی ناوچەکە، و بە جێگرەوەی ئاوی سەر زەوی و باران دادەنرێت، بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ناوچەیە لەم ساڵانەی دوایدا ئاراستەی کەمبونەوەی بڕی بارانی داباریو و ڕاڕایی لە کاتی بارانبارین و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و وشکبونی بەشێک لە کانی و بیرەکان بوە بە تایبەت لە وەرزی هاویندا، و ئاوی ژێر زەوی ناوچەکە، بنەمای ئاوەدانی و دابەشبونی جوگرافی چڕی نشینگە مرۆییەکانە. دەرخستنی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی (کەرتە جیاوازەکان و قەزاکانی پارێزگا) گرنگی زۆری هەیە و بەهۆیەوە جیاوازی شوێنی و ڕێژەیی بەکاربردنی ئاو دەردەکەوێت، و ئەو کەرت و قەزایانە دەردەکەون، کە (زۆرترین یان کەمترین) بڕی ئاوییان پێویستە، ئەوەش ئاسانکاری دەکات بۆ دەرخستنی ڕۆڵی بەنداوە پێشنیارکراوەکان لە پڕکردنەوەی ئەو پێویستییە ئاویانە، ئەوەش بابەتێکی گرنگە و بەهۆیەوە هاوسەنگی ئاوی دەردەکەوێت لەسەر ئاستی کەرتەکان و قەزاکان. جگەلەوەی دامەزراندنی بەنداوە بچوکە پێشنیارکراوەکان، بەشێکی گرنگ لە ئاسایشی ئاوی پارێزگاکە دابین دەکەن و بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی کەمدەکەنەوە و ناهێڵن ئاوی باران و سەر زەویمان لە دەستبچێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی جیاوازی شوێنی و ڕێژەی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانیە لەسەر ئاستی(١-کەرتە مرۆیی و ئابورییە جیاوازەکان ٢-قەزاکان)، بەهۆی ئەوە ئەو کەرت و قەزایانە دەردەکەون، کە زۆرترین بڕی ئاویان پێویستە، دوای ئەوە ڕۆڵی بەنداوە بچوکە پێشنیارکراوەکان دەردەکەوێت لە دابینکردنی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگاکە و چارەسەرکردنی کێشەی کەمی ئاو.

**کێشەی توێژینەوە:** ١- ئایا جیاوازی بەدی دەکرێت لە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی دیکە و لە قەزایەکەوە بۆ قەزایەکی دیکە؟ و ئایا بەنداوە پێشنیارکراوە بچوکەکان ڕۆڵیان دەبێت لە دابینکردنی پێویستییە ئاوییەکانی کەرتە جیاوازەکان و قەزاکانی پارێزگاکە؟

**گریمانەی توێژینەوە:** ١-ڕێژەی بەکاربردنی ئاو لە کەرتێکەوە جیاوازە بۆ کەرتێکی دیکە، ئەوەش بەگوێرەی جیاوازی پێوەری بەکاربردنی ئاوی هەر کەرتێک و ژمارە و ڕێژەی پێویستییە ئاوییەکانیان. جیاوازی بەدیدەکرێت لە نێوان قەزاکانی پارێزگای سلێمانی لەڕوی بەکارهێنانی ئاو، بەجۆرێک ئەو قەزایانەی کە زۆرترین


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

ژمارەی دانیشوان لەخۆدەگرن زۆرترین پێویستی ئاوییان هەیە و پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە. ٢- بەنداوە بچوکە پێشنیارکراوەکان دەتوانن بەشێکی گرنگی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی دابین بکەن، لە هەندێک قەزا کۆی پێویستییە ئاوییەکان دابین دەکەن و لە هەندێک قەزای دیکە بەشێک لە پێویستییە ئاوییەکان دابین دەکەن.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:** نەبونی توێژینەوە، لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، کە ڕۆڵی بەنداوە بچوکە پێشنیارکراوەکان دەربخات لە دابینکردنی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگاکە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەدا، میتۆدی (استقرائی-خوێندنەوەیی) و ڕێگاکانی شیکردنەوە و بەراوردکاری بەکارهاتون. وێڕای بەکارهێنانی سەرچاوەکانی کتێبخانە و نامە ئەکادیمییەکان و داتای (دانیشتوان و کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ و پیشەسازی) و پێوەرە زانستییەکان بۆ دەرخستنی پێویستییە ئاوییەکان. و بەکارهێنانی داتای بەنداوە پێشنیارکراوەکانی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc Gis10.8)، بۆ دروستکردنی نەخشەکان.

**پلانی توێژینەوە:** بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکەی، توێژینەوەکە، دابەشکراوە بەسەر دو باسی سەرەکیدا بەمجۆرە: باسی یەکەم: مەزەندەکردنی بڕی ئاوی پێویست، بۆ کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی. پێکهاتوە لە (٧) تەوەرە، بەمجۆرە: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ: (١-بواری مرۆیی(خواردنەوە و بەکارهێنانی ناوماڵ). ٢-بواری کشتوکاڵ (بەرهەمی هاوینە و ڕەز و باخ). ٣-بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵ. ٤-پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر (مریشک). ٥-پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی. ٦-بواری پیشەسازی. ٧-کۆی پێویستی ئاوی سەرجەم کەرتەکان.). باسی دوەم: دامەزراندنی بەنداوە بچوکەکان و ڕۆڵیان لە دابینکردنی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی. لەم باسەدا لەسەر بنەمای (کۆی پێویستی ئاوی هەر قەزایەک بۆ سەرجەم کەرتەکان) و (کۆی ئاوی پێشبینیکراوی گەنجینەکراو بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکانەوە)، قەزاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشکراون بۆ سێ دەستە بەمجۆرە:

دەستەی یەکەم: زۆر هاوسەنگ. دەستەی دوەم: هاوسەنگ. دەستەی سێیەم: ناهاوسەنگ.

## ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

ناوچەی لێکۆڵینەوە (پارێزگای سلێمانی)، یەکێکە لە پارێزگاکانی سنوری هەرێمی کوردستان و لە ڕوی شوێنی جوگرافیەوە، کەوتوتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق. (سەیری نەخشەی ١ بکە).

لە ڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە، بەڕوانین لە نەخشەی (١) بۆمان دەردەکەوێت، پارێزگای سلێمانی کەوتوتە نێوان هەردو بازنەی پانی$(34^{0}.55^{-}.15^{=})$ بۆ$(36^{0}.30^{-}.06^{=})$ی باکور و هەردو هێڵی درێژی $(44^{0}.33^{-}.40^{=})$ بۆ$(46^{0}.20^{-}.40^{=})$ی ڕۆژهەڵات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

نەخشەی (١)

شوێنی پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە پشتبەست بە:

وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، نەخشەی پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠٢٠.

## باسی یەکەم: مەزەندەکردنی بڕی ئاوی پێویست، بۆ کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی.

ئامانجی ئەم باسە، مەزەندەکردنی پێویستییە ئاوییەکانی کەرتە جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، بە مەبەستی زانینی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی، لە چوارچێوەی (٧) تەوەرەی سەرەکیدا بەمجۆرە: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ: (١-بواری مرۆیی(خواردنەوە و بەکارهێنانی ناوماڵ). ٢-بواری کشتوکاڵ (بەرهەمی هاوینە و ڕەز و باخ). ٣-بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵ. ٤-پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر(مریشک). ٥-پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی. ٦-بواری پیشەسازی. ٧-کۆی پێویستی ئاوی سەرجەم کەرتەکان.).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

## تەوەرەی یەکەم: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ بواری مرۆیی (خواردنەوە و بەکارهێنانی ناو ماڵ):

بە ڕوانین لە خشتەی(١) و شێوەی(١)، دەربارەی بڕی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، دەردەکەوێت:

١-کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ساڵی (٢٠١٩)دا، (١٩٨١٠٥٢) کەس بوە و کۆی پێویستی و بەکارهێنانی ئاویان بریتیبوە لە (٢٠٧٣٠٧٥٠٠)م٣.

٢-ژمارەکانی خشتەکە دەریدەخەن، شارنشینان ڕێژەی(٨٢,٩٣%)ی دانیشتوانی پارێزگایان پێکهێناوە، و (٩٥,١٠%)ی کۆی ئاوی ناوچەی لێکۆڵینەوەیان بەکارهێناوە بۆ بواری مرۆیی. گوندنشینان، ڕێژەی(١٧,٠٧%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگایان پێکهێناوە، بەڵام تەنها (٤,٩٠%)ی ئاوی پارێزگایان بەکارهێناوە بۆ بواری مرۆیی. واتە شارنشینان زۆرترین پشکی ئاویان بەکارهێناوە و گوندنشیان کەمترین ڕێژە، چونکە شارنشینان، ڕێژەیەکی زیاتری ئاو بەکاردەهێنن لەچاو گوندنشینان، ئەوەش بەگوێرەی زۆربەی پێوەرە جیهانی و هەرێمی و ناوخۆییەکان، بەجۆرێک بەگوێرەی پێوەری عێراقی لەماوەی (١)ساڵدا دانیشتویەکی شارنشین (٤ هێندەی) دانیشتوی گوندنشین ئاو بەکاردەهێنێت.

٣-جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، لە ڕوی دابەشبونی ڕێژەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، بەگوێرەی قەزاکان، بەجۆرێک: قەزای (مەڵبەندی سلێمانی) نزیکەی (٥٠%)ی دانیشتوانی پارێزگای لەخۆگرتوە و لە پلەی یەکەمدایە. و قەزاکانی (ڕانیە و چەمچەماڵ و پشدەر) بە ڕێژەی (١٣%) و (٩,٥٠%) و(٧,٢٦%) یەک دوای یەک پلەکانی دوەم و سێیەم و چوارەمیان گرتوە. و قەزای ماوەت بە لەخۆگرتنی تەنها (٠,٥٢%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگا لە پلەی کۆتایی(١٢) دەبینرێت. واتە قەزاکانی (مەڵبەندی سلێمانی و ڕانیە و چەمچەماڵ و پشدەر) بەیەکەوە (٧٩,٤%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیان لەخۆگرتوە، لەبەرامبەردا هەر (٨) قەزاکەی دیکە تەنها (٢٠,٦%)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیان لەخۆگرتوە.

٤- لەڕوی پێویستی دانیشتوان بۆ بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری مرۆیی، دەبینین لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگا جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، ئەوەش بەهۆی جیاوازی دابەشبونی دانیشتوان، بەجۆرێک ئەو قەزایانەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، بڕی بەکارهێنانی ئاویشیان زۆرە، پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە، لەم لایەنەوە دەبینین:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

خشتەی (١)

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(شارنشین و گوندنشین) لە ساڵی (٢٠١٩) و کۆی پێویستی* ئاویان بۆ بواری مرۆیی(خواردنەوە و ناوماڵ)

| یەکەی کارگێڕی | دانیشتوانی شارنشین | پێویستی ئاوی دانیشتوانی شارنشین م/٣ ساڵ/ | دانیشتوانی گوندنشین | پێویستی ئاوی دانیشتوانی گوندنشین م/٣ ساڵ/ | کۆی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین | دانیشتوان % | کۆی پێویستی ئاوی دانیشتوان/م/٣ ساڵ | پێویستی ئاو% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی سلێمانی | 888475 | 106617000 | 95440 | 2863200 | 983915 | 49.67 | 109480200 | 52.81 |
| قەرەداغ | 2951 | 354120 | 9296 | 278880 | 12247 | 0.62 | 633000 | 0.31 |
| پێنجوێن | 24325 | 2919000 | 26733 | 801990 | 51058 | 2.58 | 3720990 | 1.79 |
| سەیدسادق | 66822 | 8018640 | 29603 | 888090 | 96425 | 4.87 | 8906730 | 4.30 |
| شارەزور | 66351 | 7962120 | 11162 | 334860 | 77513 | 3.91 | 8296980 | 4.00 |
| شارباژێر | 6617 | 794040 | 16931 | 507930 | 23548 | 1.19 | 1301970 | 0.63 |
| ماوەت | 1497 | 179640 | 8827 | 264810 | 10324 | 0.52 | 444450 | 0.21 |
| دوکان | 48501 | 5820120 | 32740 | 982200 | 81241 | 4.10 | 6802320 | 3.28 |
| ڕانیە | 221040 | 26524800 | 35983 | 1079490 | 257023 | 12.97 | 27604290 | 13.32 |
| پشدەر | 105407 | 12648840 | 38395 | 1151850 | 143802 | 7.26 | 13800690 | 6.66 |
| دەربەندیخان | 51325 | 6159000 | 4463 | 133890 | 55788 | 2.82 | 6292890 | 3.04 |
| چەمچەماڵ | 159755 | 19170600 | 28413 | 852390 | 188168 | 9.50 | 20022990 | 9.66 |
| کۆ | 1643066 | 197167920 | 337986 | 10139580 | 1981052 | 100.00 | 207307500 | 100.00 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیموغرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، ٢٠١٩،ل١٤.

* بەگوێرەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و وەزارەتی پلاندانانی عێراقی و وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان، پێوەری بەکارهێنانی ئاو، بۆ دانیشتوی شارنشین (١٢٠م٣/ساڵ) و گوندشین (٣٠م٣/ساڵ)، خەمڵێنراوە. بڕوانە: ١- (محمد،٢٠١٤،ص١٣١). ٢-( مینە،٢٠١٧، ل١٤٢). ٣-(علی،٢٠١١، ل١٣٣-١٣٤). ٤-( تەها، ٢٠١٧، ل١١٧).

قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە بەکارهێنانی (٥٢,٨١%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتو بۆ بواری مرۆیی لە پلەی یەکەمدایە لەسەر ئاستی پارێزگا. و قەزای ڕانیە بە بەکارهێنانی ڕێژەی (١٣,٣٢%) پلەی دوەمی داگیرکردوە و قەزای چەمچەماڵ بە ڕێژەی (٩,٦٦%) لە پلەی سێیەم دێت و قەزای پشدەر لە پلەی چوارەم دێت، بە بەکارهێنانی (٦,٦٦%). قەزاکانی (سەیدسادق، شارەزور، دوکان، دەربەندیخان، پێنجوێن، شارباژێر، قەرەداغ) یەک دوای یەک، پلەکانی (پێنجەم بۆ یازدە)یان گرتوە، و قەزای ماوەت بەبەکارهێنانی ڕێژەی تەنها (٠,٢١%) لە پلەی کۆتایی دەبیندرێت. بە مانایەکی دیکە، لەسەر ئاستی پارێزگا، تەنها (٤) قەزا (مەڵبەندی سلێمانی، ڕانیە، چەمچەماڵ، پشدەر)، بەیەکەوە ڕێژەی (٨٢,٤٥%)ی کۆی ئاوی پارێزگا بەکاردەهێنن بۆ بواری مرۆیی،(واتە ئەم چوار قەزایە گەورەترین ناوەندەکانی کۆبونەوەی دانیشتوانن لەسەر ئاستی پارێزگا، بۆیە پێویستە لەکاتی پلاندانان بۆ بواری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

دەرامەتی ئاو و دروستکردنی بەنداوە بچوکەکان، بەتایبەت بۆ بواری ئاوی خواردنەوە ڕەچاو بکرێت، چونکە لە ئێستادا کێشەی کەمی و نەبونی ئاوی پێویست بۆ دانیشتوان لە قەزاکانی چەمچەماڵ و پشدەر دەرکەوتوە، بەتایبەت لەوەرزی هاوین، دورنییە لە ئایندەیەکی نزیک و مام ناوەنددا، ئەم گرفتە قەزاکانی مەڵبەندی سلێمانی و ڕانیەش بگرێتەوە، لە بەرامبەردا هەر (٨) قەزاکەی دیکەی پارێزگا، تەنها(١٧,٥٥%)ی ئاوی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنن.

شێوەی (١)

پەیوەندی ڕێژەیی نێوان دانیشتوان و پێویستی ئاوییان بۆ بواری مرۆیی لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٩)




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست بە: خشتەی (١).

**تەوەرەی دوەم: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ بواری کشتوکاڵ (بەرهەمی هاوینە و ڕەز و باخ):** بوارێکی دیکەی بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو، بریتییە لە بەکارهێنانی بۆ بواری کشتوکاڵ، (کشتوکاڵی هاوینە و ڕەز و باخ)، بە جیا باس لە هەر یەکێکیان دەکەین، بەمجۆرە: **أ-بەرهەمی هاوینە. ب-ڕەز و باخ.**

**أ-بەرهەمی هاوینە:** لە خشتەی (٢) دەبینین زیاتر لە(٢٨)بەرهەمی هاوینە لە سنوری پارێزگا چێندراون، کە ڕێژەی هەر بەهەمێک جیاوازە، لەسەر ئاستی (بەرهەمە هاوینییەکان و قەزاکانیش)، بەجۆرێک:

١-تێکرای داچاندنی زەوی بە بەرهەمی هاوینە بۆ هەر ساڵێک، لە ماوەی(١٠) ساڵدا بریتییە، لە (٨١٤٨,٠٨)دۆنم و بڕی پێویستی ئاوی ساڵێکی کۆی بەرهەمە هاوینییەکان بریتییە لە (١٥٧٢٩٦٥٥,٥٩)م٣.

٢-لە ڕوی ڕێژە و تێکرای داچاندنی زەوی بە بەرهەمی هاوینە، کاڵەک (بە هەردو جۆرەکەی دێم و بەراو)، بەڕێژەی(٢٢,٠٨%)ی کۆی ڕوبەری داچێنراوی هاوینە پلەی یەکەمی گرتوە، و شوتی بەڕێژەی(١٨,٢٦%) پلەی دوەمی گرتوە. و تەماتە و ترۆزی (بە هەردو جۆرکەی) و خەیار، بە ڕێژەی(١٣,٦١%)و (١١,٢%) و (٧,٦٠%) یەک دوای یەک پلەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیان گرتوە. کەواتا (٥) بەرهەمی هاوینە: (کاڵەک و شوتی و تەماتە و ترۆزی و خەیار) بەیەکەوە (٧٢,٧٥%)ی کۆی ڕوبەری داچێنراوی هاوینەیان پێکهێناوە، ئەوەش بەهۆی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

خواست لەسەر ئەو جۆرە بەرهەمانە لەلایەن دانیشتوانەوە، لەبەرامبەردا هەر (٢٣) بەرهەمەکەی دیکە، تەنها (٢٧,٢٥%)ی کۆی ڕووبەری داچێنراوی هاوینەیان پێکهێناوە.

٣- پێویستی ئاوی ساڵانەی هەر دۆنمێک جیاوازە لە بەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکی تر. لەڕوی تێکرای ڕێژەی بەکاربردنی ئاو، شوتی بە بەکارهێنانی(٣٠,٥٩%)ی کۆی ئاو بەکارهاتو، لەسەر ئاستی پارێزگا لە پلەی یەکەم دەبینرێت و تەماتە بە ڕێژەی(١٣,٢٠%) پلەی دوەمی داگیرکردوە. خەیار، بە بەکاربردنی (١٢,٧٣%)ی ئاوی بەکارهاتو لە پلەی سێ دەبینرێت. بامیە و گوڵەبەڕۆژە یەک دوای یەک پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتوە، بە ڕێژەی (٧,٨١%) و(٦,١٧%). واتە ئەو پێنج بەرهەمە (شوتی، تەماتە، خەیار، بامیە، گوڵەبەڕۆژە)، بەیەکەوە ڕێژەی(٧٠,٥%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتوی ساڵانەی هاوینەیان بەکاربردوە و لەبەرامبەردا (٢٣) بەرهەمەکەی دیکە، هەمویان بەیەکەوە(٢٩,٥%)ی کۆی ئاویان بەکاربردوە.

٤- بە سەیرکردنی پاشکۆی (١) لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی جیاوازی بەدیدەکرێت لەڕوی (بەکاربردنی ئاو بۆ بەرهەمی هاوینە)، لەم لایەنەوە، دەبینین: قەزای پێنجوێن بەڕێژەی (٢٦%)ی بەکاربردنی ئاوی بەرهەمی هاوینە پلەی یەکەمی گرتوە لەسەر ئاستی پارێزگا، (بەهۆی بونی کەشوهەوای گونجاو و دەرامەتی ئاو، جگەلەوەی بەرهەمی هاوینەی زیاد لەخۆی، هەناردەی بەشەکانی دیکەی پارێزگا دەکرێت و خواستی لەسەرە). و لە پلەی دوەمدا قەزای سەیدسادق دەبینرێت بە ڕێژەی(١٧,٤٧%)، (بەهۆی هەڵکەوتنی قەزاکە لەسەر دەشتی شارەزور و نزیکی لە شاری سلێمانی کە ناوەندێکی گرنگە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی). قەزای چەمچەماڵ، پلەی سێیەمی داگیردوە، بەڕێژەی(٩,٢٨%)، چونکە (٩,٦٦%)ی دانیشتوانی پارێزگای لەخۆگرتوە. (بڕوانە خشتەی١). لە پلەی چوارەمدا قەزای مەڵبەندی سلێمانی دەبینرێت، بە ڕێژەی (٨,٤٨%)ی بەکاربردنی ئاوی بەرهەمی هاوینە. (چونکە قەزای مەڵبەندی سلێمانی نزیکەی نیوەی دانیشتوانی پارێزگا لەخۆدەگرێت-بڕوانە خشتەی١). و قەزای ڕانیە بە ڕێژەی(٨,٢٥%) پلەی پێنجەمی داگیرکردوە. (بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە، لەسەر ئاستی پارێزگا، دوای قەزای ناوەند پلەی دوەمی داگیرکردوە).

لەڕوی دابینکردنی سەرچاوەی ئاو بۆ بەرهەمی هاوینە لەسەر بنەمای بەراوکردنی ڕوبەری داچێنراو بە بەرهەمی هاوینە بە دۆنم لەسەر ئاستی پارێزگا، بەو جۆرەیە: (٢٠,١%)ی زەوی داچێنراو بە بەرهەمی هاوینە ئاودێری دەکرێن، بەهۆی ئەو پرۆژانەی کە لەسەر ڕوبار و لقە ڕوبارەکان دروستکراون، و (٣١,٣٨%)ی زەوی داچینراوی هاوینە بۆ ئاودێری پشت دەبەستن بەو پرۆژانەی کە لەسەر کانییەکان دروستکراون، و (٥١,٩%)ی زەوی داچێنراوی هاوینە پشت دەبەستن بە دەرهێنانی ئاو لە بیرەکان و کانیەکان. (براخاس، ٢٠١٠،ل١٠٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7 ISSN: 2410 – 1036

## خشتەی (٢)

## ڕووبەری زەوی داچێنراو بە بەرهەمە هاوینییەکان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٢٠–٢٠١٠) و پێویستی ئاوییان بە دۆنم

| گشتیکۆی | هێو | تووزەسە هاوینە | سلق | وێنجە | پیازەرەتە | راوبەترۆزی | دێمترۆزی | راوبەکاڵە | دێمیکاڵە | شوتی | کەکولەی ڕزە | کەکولە | یارخە | وشکپیازی | توتن | تاتەپە | ربیبە | باینجان | ماتەتە | بامیە | فستق | ماش | فاسۆلیا | لۆبیا | لۆکە | کونجی | ڕۆژبەگوڵە | شامی نمەگە | ڵتوکچە | کارگۆی کەیە/مرهەبە | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12992.91 | 116.18 | 304.73 | 92.55 | 65.45 | 132.09 | 322.45 | 2185.73 | 125.91 | 5228.91 | 208.27 | 7.91 | 310.00 | 589.45 | 140.91 | 0.00 | 39.36 | 128.45 | 280.91 | 546.73 | 739.55 | 170.00 | 22.27 | 135.64 | 139.55 | 27.27 | 46.45 | 279.09 | 47.55 | 559.55 | سلێمانی نددیڵبەمەه | 1 |
| 1076.13 | 4.00 | 5.56 | 7.00 | 1.25 | 27.56 | 6.56 | 24.70 | 4.78 | 71.70 | 10.55 | 2.00 | 5.36 | 104.36 | 27.13 | 0.00 | 8.71 | 3.00 | 21.64 | 461.36 | 87.27 | 1.33 | 1.00 | 2.25 | 25.56 | 7.00 | 1.00 | 18.88 | 1.00 | 133.64 | داغرەقە | 2 |
| 19259.27 | 4.86 | 22.45 | 3.23 | 30.09 | 164.45 | 44.91 | 26.18 | 641.36 | 464.64 | 7584.55 | 15.00 | 189.82 | 1000.27 | 122.09 | 0.00 | 126.82 | 197.18 | 49.73 | 8411.09 | 49.18 | 0.00 | 1.82 | 5.82 | 1.91 | 0.00 | 2.27 | 5.36 | 0.00 | 94.18 | پێنجوێن | 3 |
| 16706.19 | 79.00 | 16.18 | 21.45 | 0.45 | 412.73 | 101.36 | 2507.73 | 302.27 | 3663.64 | 4429.45 | 78.64 | 431.64 | 874.09 | 1.73 | 0.00 | 98.18 | 311.18 | 1107.09 | 401.82 | 1512.55 | 0.00 | 18.64 | 0.91 | 31.91 | 0.00 | 0.00 | 188.56 | 115.00 | 0.00 | یدسادقسە | 4 |
| 10655.86 | 18.73 | 36.00 | 8.00 | 0.00 | 26.67 | 1058.33 | 2827.86 | 45.00 | 3662.50 | 1067.10 | 0.00 | 35.70 | 860.10 | 31.78 | 0.00 | 76.11 | 4.90 | 15.30 | 51.82 | 53.91 | 0.00 | 9.29 | 9.75 | 5.73 | 0.00 | 10.14 | 682.25 | 14.00 | 44.90 | زورشارە | 5 |
| 5409.28 | 0.00 | 17.64 | 29.64 | 107.73 | 85.00 | 23.91 | 182.27 | 95.45 | 629.82 | 474.09 | 15.36 | 712.27 | 1315.45 | 31.82 | 0.00 | 36.82 | 34.55 | 69.73 | 1085.00 | 61.00 | 0.45 | 10.27 | 53.55 | 149.55 | 0.00 | 0.00 | 156.00 | 25.25 | 6.67 | شاربازێڕ | 6 |
| 1692.95 | 3.45 | 0.00 | 0.00 | 0.00 | 10.00 | 0.00 | 115.63 | 0.00 | 164.29 | 187.14 | 0.00 | 195.00 | 162.78 | 131.67 | 0.00 | 0.00 | 17.43 | 18.11 | 225.00 | 84.13 | 0.00 | 0.00 | 0.00 | 340.00 | 0.00 | 0.00 | 38.33 | 0.00 | 0.00 | تەماوە | 7 |
| 9042.45 | 17.00 | 43.18 | 15.73 | 11.64 | 46.55 | 25.95 | 430.45 | 265.00 | 4392.59 | 1281.98 | 1.27 | 56.86 | 456.55 | 184.23 | 0.00 | 5.00 | 41.05 | 115.27 | 708.41 | 282.25 | 1.00 | 67.50 | 68.77 | 28.36 | 2.82 | 45.00 | 136.86 | 0.36 | 310.82 | دوکان | 8 |
| 6707.91 | 466.09 | 54.45 | 113.09 | 45.45 | 3.00 | 0.00 | 273.64 | 46.36 | 381.27 | 472.82 | 19.82 | 53.00 | 771.82 | 106.82 | 0.00 | 5.45 | 47.82 | 82.91 | 241.45 | 353.36 | 0.00 | 123.27 | 225.27 | 71.73 | 1.36 | 496.55 | 2200.00 | 2.91 | 48.18 | رانیە | 9 |
| 5628.90 | 324.55 | 54.27 | 6.73 | 7.27 | 45.91 | 0.45 | 320.00 | 0.00 | 546.73 | 953.82 | 0.00 | 36.45 | 525.57 | 219.55 | 1.36 | 0.64 | 45.36 | 114.00 | 530.91 | 952.73 | 16.64 | 96.36 | 20.45 | 163.18 | 8.73 | 0.00 | 510.00 | 10.55 | 116.70 | رپشدە | 10 |
| 1169.55 | 6.18 | 6.00 | 2.78 | 0.00 | 6.33 | 0.00 | 195.10 | 92.50 | 241.77 | 247.27 | 1.00 | 5.50 | 6.75 | 4.29 | 0.00 | 8.00 | 2.40 | 3.45 | 11.30 | 77.11 | 0.00 | 2.71 | 3.00 | 1.70 | 0.00 | 3.00 | 36.95 | 102.67 | 101.78 | ندیخانربەدە | 11 |
| 7435.61 | 37.00 | 147.50 | 65.38 | 5.63 | 92.13 | 16.38 | 255.25 | 64.63 | 456.13 | 934.13 | 8.63 | 183.00 | 759.00 | 386.13 | 0.00 | 244.00 | 521.13 | 609.63 | 631.25 | 306.75 | 0.00 | 60.88 | 15.63 | 612.00 | 0.38 | 5.38 | 645.63 | 360.86 | 11.25 | ماڵمەچەچە | 12 |
| 97777.01 | 1077.05 | 707.96 | 365.56 | 274.97 | 1052.41 | 1600.31 | 9344.53 | 1683.27 | 19903.97 | 17851.16 | 149.63 | 2214.61 | 7426.20 | 1388.12 | 1.36 | 649.10 | 1354.44 | 2487.76 | 13306.14 | 4559.78 | 189.42 | 414.01 | 541.03 | 1571.16 | 47.56 | 609.79 | 4897.91 | 680.14 | 1427.66 | کۆ | |
| 8148.08 | 89.75 | 59.00 | 30.46 | 22.91 | 87.70 | 133.36 | 778.71 | 140.27 | 1658.66 | 1487.60 | 12.47 | 184.55 | 618.85 | 115.68 | 0.11 | 54.09 | 112.87 | 207.31 | 1108.84 | 379.98 | 15.79 | 34.50 | 45.09 | 130.93 | 3.96 | 50.82 | 408.16 | 56.68 | 118.97 | تێکڕا | |
| 100.00 | 1.10 | 0.72 | 0.37 | 0.28 | 1.08 | 1.64 | 9.56 | 1.72 | 20.36 | 18.26 | 0.15 | 2.26 | 7.60 | 1.42 | 0.00 | 0.66 | 1.39 | 2.54 | 13.61 | 4.66 | 0.19 | 0.42 | 0.55 | 1.61 | 0.05 | 0.62 | 5.01 | 0.70 | 1.46 | کۆ% | |
| 100.00 | 1.10 | 0.72 | 0.37 | 0.28 | 1.08 | 1.64 | 9.56 | 1.72 | 20.36 | 18.26 | 0.15 | 2.26 | 7.60 | 1.42 | 0.00 | 0.66 | 1.39 | 2.54 | 13.61 | 4.66 | 0.19 | 0.42 | 0.55 | 1.61 | 0.05 | 0.62 | 5.01 | 0.70 | 1.46 | تێکڕا% | |
| | 0.00 | 3235.00 | 3235.00 | 7923.00 | 3235.00 | 3235.00 | 0.00 | 3235.00 | 0.00 | 3235.00 | 3235.00 | 3235.00 | 3235.00 | 570.00 | 2377.50 | 3235.00 | 3235.00 | 3235.00 | 1872.00 | 3235.00 | 1500.00 | 1210.00 | 1210.00 | 850.00 | 5817.00 | 4532.00 | 2377.50 | 2975.00 | 3635.00 | ئاوم پێویستی3/ساڵ | |
| 15729655.59 | 0.00 | 190855.47 | 98549.39 | 181546.24 | 283711.61 | 431416.73 | 0.00 | 453780.57 | 0.00 | 4812376.11 | 40336.41 | 597021.70 | 2001978.66 | 65935.53 | 270.17 | 174986.04 | 365135.66 | 670659.55 | 2075757.27 | 1229241.79 | 23678.03 | 41746.15 | 54554.27 | 111290.83 | 23053.17 | 230297.58 | 970397.84 | 168617.41 | 432461.43 | ئاوم پێویستی تێکڕا3/ساڵ | |
| 100.00 | 0.00 | 1.21 | 0.63 | 1.15 | 1.80 | 2.74 | 0.00 | 2.88 | 0.00 | 30.59 | 0.26 | 3.80 | 12.73 | 0.42 | 0.00 | 1.11 | 2.32 | 4.26 | 13.20 | 7.81 | 0.15 | 0.27 | 0.35 | 0.71 | 0.15 | 1.46 | 6.17 | 1.07 | 2.75 | ئاو پێویستی تێکڕا % | |
| 188755867.08 | 0.00 | 2290265.63 | 1182592.65 | 2178554.90 | 3404539.32 | 5177000.73 | 0.00 | 5445366.85 | 0.00 | 57748513.31 | 484036.88 | 7164260.41 | 24023743.93 | 791226.42 | 3242.05 | 2099832.43 | 4381627.89 | 8047914.55 | 24909087.27 | 14750901.53 | 284136.36 | 500953.75 | 654651.25 | 1335489.95 | 276638.01 | 2763570.93 | 11644774.06 | 2023408.90 | 5189537.12 | ئاوم پێویستی کۆی3/ساڵ | |
| 100.00 | 0.00 | 1.21 | 0.63 | 1.15 | 1.80 | 2.74 | 0.00 | 2.88 | 0.00 | 30.59 | 0.26 | 3.80 | 12.73 | 0.42 | 0.00 | 1.11 | 2.32 | 4.26 | 13.20 | 7.81 | 0.15 | 0.27 | 0.35 | 0.71 | 0.15 | 1.46 | 6.17 | 1.07 | 2.75 | ئاو پێویستی کۆی% | |
| 17159624.28 | 0.00 | 208205.97 | 107508.42 | 198050.45 | 309503.57 | 470636.43 | 0.00 | 495033.35 | 0.00 | 5249864.85 | 44003.35 | 651296.40 | 2183976.72 | 71929.67 | 294.73 | 190893.86 | 398329.81 | 731628.60 | 2264462.48 | 1340991.05 | 25830.58 | 45541.25 | 59513.75 | 121408.18 | 25148.91 | 251233.72 | 1058615.82 | 183946.26 | 471776.10 | پێویستی1 ساڵ/م3 | |
| 100.00 | 0.00 | 1.21 | 0.63 | 1.15 | 1.80 | 2.74 | 0.00 | 2.88 | 0.00 | 30.59 | 0.26 | 3.80 | 12.73 | 0.42 | 0.00 | 1.11 | 2.32 | 4.26 | 13.20 | 7.81 | 0.15 | 0.27 | 0.35 | 0.71 | 0.15 | 1.46 | 6.17 | 1.07 | 2.75 | پێویستی1 ساڵ % | |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست به: ١–وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، بەشی پلاندانان و بەدواداچون، ئاماری ڕووبەری داچێنراو بە بەرهەمە هاوینییەکان بە دۆنم، لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٢٠–٢٠١٠)، ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە. ٢–وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ڕووبەری داچێنراو بە بەرهەمە هاوینییەکان بە دۆنم، لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٢٠–٢٠١٠)، ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە. ٣– محمد ,٢٠١٤, ص١٣٣. ٤–علی، ٢٠١١، لا١٤٢. ٥–محمد,, ٢٠٠٩, ص١٤٨. ٦– علاءالدين, ٢٠١٢, ص٢٧٢–٢٧٣. ٧–مینە، ، ٢٠١٧، لا١٥١.

(تێبینی: سەرچاوەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی خشتەکە، تەنها بۆ پێوەری پێویستی ئاوی ساڵانەی هەر بەرهەمێک بەکارهاتون. و ئەو بەرهەمانەی پێوەری پێویستی ئاویان ٠ دانراوە، پێوەری پێویستی ئاوییان دەستنەکەوتوە).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

کەواتا دەردەکەوێت، بەروبومی هاوینە بە ڕێژەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە ئاوی ژێر زەوی، بۆیە بەنداوە پێشنیارکراوەکان، ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە گەنجینەکردنی ئاوی باران و ئاوی سەر زەوی و بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی کەم دەکەنەوە.

لە پوختەدا زانیارییەکاندا دەرکەوت (٥) قەزای پارێزگا (پێنجوین و سەیدسادق و چەمچەماڵ و مەڵبەندی سلێمانی و ڕانیە) ڕێژەی (٦٩,٤٨%)ی کۆی بەکاربردنی ئاوی هاوینەیان لەخۆگرتوە و لەبەرامبەردا (٨) قەزاکەی دیکە، تەنها(٣٠,٥٢%)ی کۆی ئاوی هاوینەیان بەکاربردوە. بونی ئەم جیاوازییەش بە هۆی جیاوازی (ڕوبەر و جۆری خاک و گونجاوی ئاووهەوا و بونی دەرامەتی ئاو و ژمارەی دانیشتوان)ە، لە نێوان قەزاکاندا.

**ب-ڕەز و باخ:** بە سەرنجدان لە خشتەی(٣)، دەکرێ تێبینی ئەمانە بکەین:

١-کۆی ڕوبەری ڕەزو باخ لەسەر ئاستی پارێزگا، بریتییە لە (١٠٠٩٤٥) دۆنم و پێویستی ئاوی ساڵانەیان بریتییە لە (653114150/م٣).

٢-لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی جیاوای بەدیدەکرێت لە ڕوی دابەشبونی ڕێژەیی ڕوبەری ڕەز و باخ و بەکاربردنی ئاو، بەجۆرێک:

أ-قەزای شارباژێر، بە ڕێژەی (٢٣,٠٣%)ی کۆی ڕوبەر و بەکاربردنی ئاو بۆ بواری ڕەز و باخ پلەی یەکەمی گرتوە، و قەزای پشدەر بە ڕێژەی (٢٠,٨٩%)ی ڕوبەر و بەکاربردنی ئاو پلەی دوەمی گرتوە و قەزای ماوەتیش

خشتەی (٣)

ڕوبەری ڕەز و باغ لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٣) و پێویستی ئاوییان* بە دۆنم

| ژ | یەکەی کارگێری | ڕوبەری ڕەز و باخ/دۆنم | ڕوبەری ڕەز و باخ/دۆنم% | پێویستی ئاو/م٣ | پێویستی ئاو % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مەڵبەندی سلێمانی | 2527.00 | 2.50 | 16349690.00 | 2.50 |
| 2 | قەرەداغ | 2784.00 | 2.76 | 18012480.00 | 2.76 |
| 3 | پێنجوێن | 5404.00 | 5.35 | 34963880.00 | 5.35 |
| 4 | سەیدسادق | 11496.00 | 11.39 | 74379120.00 | 11.39 |
| 5 | شارەزور | 180.00 | 0.18 | 1164600.00 | 0.18 |
| 6 | شارباژێر | 23245.00 | 23.03 | 150395150.00 | 23.03 |
| 7 | ماوەت | 17605.00 | 17.44 | 113904350.00 | 17.44 |
| 8 | دوکان | 8947.00 | 8.86 | 57887090.00 | 8.86 |
| 9 | ڕانیە | 4607.00 | 4.56 | 29807290.00 | 4.56 |
| 10 | پشدەر | 21084.00 | 20.89 | 136413480.00 | 20.89 |
| 11 | دەربەندیخان | 384.00 | 0.38 | 2484480.00 | 0.38 |
| 12 | چەمچەماڵ | 2682.00 | 2.66 | 17352540.00 | 2.66 |
| | کۆ | 100945.00 | 100.00 | 653114150.00 | 100.00 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست بە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، بەشی پلاندانان و بەدواداچون، چالاکییەکانی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٠٩)، ئاماری ڕەز و باغ بە دۆنم، لە پارێزگای سلێمانی، لا٢٣.

* پێوەری پێویستی ئاو بۆ هەر دۆنمێک لە ڕەزوباغ بریتییە لە (٦٤٧٠م٣/ساڵ)، بڕوانە : (مینە، ٢٠١٧، لا١٥١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

بە ڕێژەی زیاتر لە (١٧%) پلەی سێیەمی گرتوە. بەڵام قەزای شارەزور بە ڕێژەی تەنها (٠,١٨%)ی کۆی ڕوبەر و بەکاربردنی ئاو بۆ بواری ڕەز و باخ لەسەر ئاستی پارێزگا لە پلە کۆتایی دەبینرێت.

ب- بە مانایەکی دیکە (٥) قەزای ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە بریتین لە (شارباژێر و پشدەر و ماوەت و سەیدسادق و دوکان) لە ڕوی ڕێژەی ڕوبەری ڕەز و باخ و بەکاربردنی ئاوی ئەم بوارە پلەکانی یەکەم بۆ پێنجەمیان گرتوە و بەیەکەوە (٨١,٦١%)ی ڕوبەری ڕەز و باخ و بەکاربردنی ئاوی پارێزگایان لەخۆگرتوە، لە بەرامبەردا (٧) قەزاکەی دیکە تەنها ڕێژەی (١٨,٣٩%)ی ڕوبەری ڕەزو باخ و بەکاربردنی ئەو بوارەیان لەخۆگرتوە. ئەو جیاوازییە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی (ڕوبەر و سروشتی تۆبۆگرافیا و خاکی کشتوکاڵ)ی قەزاکان.

**تەوەرەی سێیەم: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵ:** گرنگترین ئەو ئاژەڵانەی کە لە ناوچە لێکۆڵینەوە بەدی دەکرێن، بریتین لە (مەڕ، بزن، ڕەشەوڵاخ، گامێش، وڵاخی سواری)، کە پێویستی ئاوی ساڵانەیان جیاوازە لە یەکتر. لەسەر ئاستی پارێزگا جیاوازی بەدیدەکرێت، لەڕوی دابەشبونی ئاژەڵەکان بەسەر قەزاکانی پارێزگادا، بۆیە بە ڕوانین لە خشتەی(٤)، دەتوانین ئەم تێبینیانەی خوارەوە بخەینەڕو:

١- کۆی ژمارەی ئاژەڵەکانی پارێزگای سلێمانی بریتییە لە (١٦١٠٥٩٧)سەر، و پێویستی ئاوی ساڵانەیان بریتییە لە (٥٥٢٢٢٥٣)م٣.

٢- لەڕوی دابەشبونی ڕێژەیی، مەڕ بە ڕێژەی(٥٥,٥٩%)، لەسەر ئاستی پارێزگا لە پلەی یەکەم دێت. بزن لە پلەی دوەم دێت بە ڕێژەی(٢٢,٤٠%) و ڕەشەوڵاخ بە ڕێژەی(٢١,٧٥%)پلەی سێیەمی گرتوە. وڵاخی سواری بەڕێژەی(٠,٢١%)لە پلەی چوارەم دەبینرێت و گامێش بە ڕێژەی(٠,٠٥%) لە پلەی کۆتایی و پێنجەم دێت.

٣-لە ڕوی دابەشبونی ڕێژەیی بۆ بەکارهێنانی ئاو لەلایەن ئاژەڵەکانەوە، جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، بەجۆرێک، ڕەشەوڵاخ بە بەکارهێنانی ڕێژەی(٥٠,٧٦%)ی ئاو لە پلەی یەکەم دێت، و مەڕ و بزن و وڵاخی سواری بە بەکارهێنانی ڕێژەی(٣٢,٤٣%)و(١٦,٣٣%)و(٠,٣٦%) یەک دوای یەک لە پلەکانی دوەم و سێیەم و چوارەم دێن، و گامێش بە بەکارهێنانی تەنها ڕێژەی(٠,١٢%) لە پلەی پێنجەم کۆتایی دەبینرێت.

٤-جیاوازی بەرچاو بەدی دەکرێت، لە نێوان دابەشبونی ڕێژەیی ئاژەڵەکان و دابەشبونی ڕێژەیی بەکارهێنانی ئاو، بەجۆرێک: ئاژەڵی مەڕ، گەرچی ڕێژەی (٥٥,٥٩%)ی کۆی ئاژەڵەکانی پارێزگای پێکهێناوە و لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام ڕێژەی(٣٢,٤٣%)ی کۆی ئاوی پارێزگای بەکارهێناوە و لە پلەی دوەمدایە لەم لایەنەوە. بەڵام ڕەشەوڵاخ، گەرچی تەنها (٢١,٧٥%)ی کۆی ژمارەی ئاژەڵی پارێزگا پێکدەهێنێت و لە پلەی سێیەمدایە، بەڵام ڕێژەی(٥٠,٧٦%)ی کۆی ئاوی پارێزگای بەکارهێناوە و لە پلەی یەکەمدایە لەم ڕووەوە. هەروەها ئاژەڵی بزنیش بەراورد بەڕێژەکەی لەسەر ئاستی پارێزگا، ڕێژەیەکی کەمتری ئاوی بەکارهێناوە. هۆکاری ئەم جیاوازیانەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

خشتەی(٤)

| یەکەی کارگێری | جۆری ئاژەڵ و پێویستی ئاو / م٣ | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. مەڕ | پێویستی ئاو | ژ. بزن | پێویستی ئاو | ژ.ڕەشەوڵاخ | پێویستی ئاو | ژ. گامێش | پێویستی ئاو | ژ. وڵاخی سواری | پێویستی ئاو | کۆی ژمارەی ئاژەڵ | ژمارەی ئاژەڵ% | کۆی پێویستی ئاوی/م٣ | پێویستی ئاوی % |
| مەڵبەندی سلێمانی | 134009 | 268018 | 25651 | 64127.5 | 28501 | 228008 | 130 | 1040 | 178 | 1068 | 188469 | 11.70 | 562261.5 | 10.18 |
| قەرەداغ | 62109 | 124218 | 28679 | 71697.5 | 9980 | 79840 | 0 | 0 | 26 | 156 | 100794 | 6.26 | 275911.5 | 5.00 |
| پێنجوێن | 12731 | 25462 | 10630 | 26575 | 3610 | 28880 | 0 | 0 | 0 | 0 | 26971 | 1.67 | 80917 | 1.47 |
| سەیدسادق | 42378 | 84756 | 6634 | 16585 | 10750 | 86000 | 170 | 1360 | 88 | 528 | 60020 | 3.73 | 189229 | 3.43 |
| شارەزور | 39203 | 78406 | 7108 | 17770 | 38604 | 308832 | 0 | 0 | 0 | 0 | 84915 | 5.27 | 405008 | 7.33 |
| شارباژێر | 20316 | 40632 | 8804 | 22010 | 9936 | 79488 | 0 | 0 | 0 | 0 | 39056 | 2.42 | 142130 | 2.57 |
| ماوەت | 9828 | 19656 | 13000 | 32500 | 2028 | 16224 | 0 | 0 | 80 | 480 | 24936 | 1.55 | 68860 | 1.25 |
| دوکان | 91515 | 183030 | 53565 | 133912.5 | 27342 | 218736 | 12 | 96 | 0 | 0 | 172434 | 10.71 | 535774.5 | 9.70 |
| ڕانیە | 21449 | 42898 | 36678 | 91695 | 3584 | 28672 | 314 | 2512 | 0 | 0 | 62025 | 3.85 | 165777 | 3.00 |
| پشدەر | 119494 | 238988 | 81086 | 202715 | 11532 | 92256 | 218 | 1744 | 2697 | 16182 | 215027 | 13.35 | 551885 | 9.99 |
| دەربەندیخان | 61010 | 122020 | 16906 | 42265 | 6596 | 52768 | 0 | 0 | 0 | 0 | 84512 | 5.25 | 217053 | 3.93 |
| چەمچەماڵ | 281285 | 562570 | 71965 | 179912.5 | 197918 | 1583344 | 0 | 0 | 270 | 1620 | 551438 | 34.24 | 2327446.5 | 42.15 |
| کۆ | 895327 | 1790654 | 360706 | 901765 | 350381 | 2803048 | 844 | 6752 | 3339 | 20034 | 1610597 | 100.00 | 5522253 | 100.00 |
| % | 55.59 | 32.43 | 22.40 | 16.33 | 21.75 | 50.76 | 0.05 | 0.12 | 0.21 | 0.36 | 100 | | 100 | |
| پێویستی ئاوم٣/ساڵانە | 2 | | 2.5 | | 8 | | 8 | | 6 | | | | | |

ژمارە و ڕێژەی ئاژەڵەکانی پارێزگای سلێمانی بە گوێرەی قەزاکان و پێویستی ئاویان لە ساڵی (٢٠١٨)

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشبەست بە: ١- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩، لا٢١-٢٣. ٢-محمد، ٢٠٠٩, ص١٠٣. ٣-مینە، ، ٢٠١٧، لا١٥٥.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێویستی ساڵانەی هەر سەر ئاژەڵێکی جیاواز، بۆ نمونە پێویستی ئاوی ساڵانەی (١) سەر ڕەشەوڵاخ و گامێش (٤) ئەوەندەی پێویستی ئاوی ساڵانەی (١)سەر مەڕە.

٥-لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، جیاوازی بەدیدەکرێت، لەڕوی دابەشبونی ڕێژەیی کۆی ئاژەڵەکان، بەجۆرێک، قەزای چەمچەماڵ بە لەخۆگرتنی ڕێژەی(٣٤,٢٤%)ی کۆی ئاژەڵەکانی پارێزگا لە پلەی یەکەمدایە. (چونکە قەزاکە بڕی بارانی ساڵانەی کەمترە لە ٥٠٠ملم، بۆیە زیاتر گرنگی ئاژەڵداری هەیە، تا کشتوکاڵی)، لە پلەی دوەمدا قەزای پشدەر دێت بە لەخۆگرتنی(١٣,٣٥%)ی کۆی ئاژەڵەکانی پارێزگا (بەهۆی سروشتی قەزاکە و بونی لەوەڕگای سروشتی و بەرزی ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینی قەزاکە، کە دوای قەزای مەڵبەندی سلێمانی، لەپلەی دوەمدایە). لە پلەی سێیەمدا قەزای مەڵبەندی سلێمانی دێت، بە لەخۆگرتنی (١١,٧٠%)، کە ئەو ڕێژەیە کەمە بەبەراورد بە ژمارەی گوندنشینانی قەزاکە، و لە پلەی چوارەمدا قەزای دوکان دێت، بە لەخۆگرتنی (١٠,٧١%)ی ئاژەڵەکانی پارێزگا، (بەهۆی گەورەیی ڕوبەری قەزاکە و بونی لەوەڕگا و بەرزی ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین).

(٨) قەزاکەی دیکەی پارێزگا (قەرەداغ، شارەزور، دەربەندیخان، ڕانیە، سەیدسادق، شارباژێر، پێنجوێن، ماوەت) یەک دوای یەک پلەکانی(٥بۆ١٢)یان گرتوە. بە مانایەکی دیکە (٤) قەزای پارێزگا (چەمچەماڵ و پشدەر و سلێمانی و دوکان) بەیەکەوە(٧٠%)ی سامانی ئاژەڵی پارێزگای سلێمانیان لەخۆگرتوە، بەڵام هەر (٨) قەزاکەی دیکەی پارێزگا، تەنها (٣٠%)ی سامانی ئاژەڵی پارێزگایان لەخۆگرتوە.

٦- لەڕوی دابەشبونی ڕێژەیی پێویستی ئاو لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی جیاوازی بەدیدەکرێت، بەجۆرێک قەزای چەمچەماڵ بە بەکارهێنانی ڕێژەی(٤٢,١٥%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتو بۆ سامانی ئاژەڵ لە پلەی یەکەم دێت، لەسەر ئاستی پارێزگا. (بەراود بە ڕێژەی ئاژەڵەکانی ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوی زیاترە، چونکە ئەم قەزایە خاوەنی بەرزترین ڕێژەی ڕەشەوڵاخە لەسەر ئاستی پارێزگا، کە زۆرترین بڕی ئاوی ساڵانەی پێویستە بەراورد بە ئاژەکانی دیکە). و قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە ڕێژەی(١٠,١٨%)ی بەکارهێنانی ئاو لە پلەی دوەم دێت و قەزای پشدەر بە ڕێژەی (٩,٩٩%) پلەی سێیەمی گرتوە و قەزای دوکان بە ڕێژەی(٩,٧٠%) پلەی چوارەمی گرتوە. و قەزاکانی (شارەزور، قەرەداغ، دەربەندیخان، سەیدسادق، ڕانیە، شارباژێر، پێنجوێن، ماوەت) پلەکانی (پێنجەم بۆ دوازدە)یان گرتوە.

بە واتایەکی دیکە (٤) قەزای پارێزگاکە، کە بریتین لە (چەمچەماڵ، مەڵبەندی سلێمانی و پشدەر و دوکان) بەیەکەوە (٧٢,٠٢%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتوی سامانی ئاژەڵی ناوچەی لێکۆڵینەوەیان بەکارهێناوە، لە بەرامبەردا، (٨) قەزاکەی دیکەی پارێزگا، تەنها (٢٧,٩٨%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتوی بواری سامانی ئاژەڵیان بەکارهێناوە.

**تەوەرەی چوارەم: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر(مریشک):** پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر (بەتایبەت مریشک)، یەکێکە لەو چالاکییە ئابوورییانەی، کە ڕۆژانە پێویستی بە ئاوە، (هەر پرۆژەکی پەلەوەر لە ساڵێکدا چوار خول بەچکە بەرهەم دەهێنن). بە ڕوانین لە خشتەی(٥)، دەتوانین بڵێین:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

١-کۆی ژمارەی هۆڵەکانی پەلەوەر لە پارێزگای سلێمانی (٥٥٨) هۆڵە، و بە ژمارە و ڕێژەی جیاواز دابەشبون بەسەر (١٢) قەزاکەی پارێزگادا.

٢-ژمارەی بێچوەکانی سەرجەم هۆڵەکانی پەلەوەری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆ یەک خول بریتییە لە (٦٨٣١٦٦٣) بێچو و پێویستی ئاویان بەم جۆرەیە: یەک خول (١٨٤٤٥٤٩,٠١)م/٣. و چوار خول(٧٣٧٨١٩٦,٠٤)م/٣.

٣- لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگا، جیاوازی بەرچاو بەدیدەکریت، لە ڕوی دابەشبونی (ڕێژەیی بێچو و ڕێژەی بەکاربردنی ئاو). لەم لایەنەوە: قەزای دوکان بە ڕێژەی (٢٧,٩٥%)ی کۆی بێچو و بەکاربردنی ئاو لەسەر ئاستی پارێزگا پلەی یەکەمی گرتوە. (ئەم ڕێژەیە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان زۆرە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی ڕووبەری قەزاکە و گونجاوی تۆبۆگرافیا، وێڕای هاوسنوری قەزاکە لەگەڵ قەزاکانی مەڵبەندی سلێمانی و ڕانیە و پشدەر، وایکردوە زۆرترین بەرهەم بنێریت بۆ ئەم قەزایانە، چونکە لە چڕترین قەزاکانی پارێزگای سلێمانین لە ڕوی ژمارەی دانیشتوان، و هەرزانی نرخی زەوی و دەستی کار لە سنوری قەزاکەدا). و قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە ڕێژەی (١٧,٢٤%)ی کۆی پرۆژەکانی پەلەوەر پلەی دوەمی گرتوە. (بەهۆی چڕی دانیشتوانی قەزای مەڵبەندی سلێمانی و بونی خواست). قەزای چەمچەماڵ بە ڕێژەی (١٣,٨٤%) پلەی سێیەمی گرتوە، و تارادەیەک گونجاوە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی. و قەزای پشدەر پلەی چوارەمی گرتوە بە ڕێژەی (١٢,٧٩%)، ئەوەش بەهۆی گونجاوی تۆبۆگرافیا و هاوسنوری لەگەڵ قەزای ڕانیە. و قەزای ڕانیە بە ڕێژەی (٩,٣٨%) پلەی پێنجەمی گرتوە، چونکە لەڕوی ژمارەی دانیشتوان، دوای قەزای مەڵبەندی سلێمانی لە پلەی دوەمدایە. و قەزاکانی (پێنجوێن، شاربازێڕ، دەربەندیخان، شارەزور، قەرەداغ، سەیدسادق)، یەک دوای یەک پلەکانی (شەشەم تا یازدە)یان گرتوە و قەزای ماوەت، لە پلەی کۆتایی دەبینرێت.

٤- لە پوختەی زانیارییەکانی ئەم تەوەرەیە و خاڵی(٣) دەرکەوت: (٥) قەزای پارێزگا (دوکان، ناوەند ، چەمچەماڵ، پشدەر، ڕانیە) بەیەکەوە (٨١,٢%)ی کۆی پرۆژەی پەلەوەری و بەکارهێنانی ئاوی ئەو بوارەیان بەرکەوتوە، لەبەرامبەردا (٨) قەزاکەی دیکە، تەنها (١٨,٨%)ی پرۆژەکانی پەلەوەرییان بەرکەوتوە.

خشتەی (٥)

ژمارەی پەلەوەری مریشک لە پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی قەزاکان لە ساڵی (٢٠١٨) و پێویستی ئاوییان

| یەکەی کارگێڕی | ژ. هۆڵ | ژ. بێچو* | ژمارەی بێچو% | پێویستی ئاو/م٣ خولی١ | پێویستی ئاو/م٣ خولی٤ | پێویستی ئاو % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی سلێمانی | 90 | 1177775 | 17.24 | 317999.25 | 1271997.00 | 17.24 |
| قەرەداغ | 11 | 167000 | 2.44 | 45090.00 | 180360.00 | 2.44 |
| پێنجوێن | 21 | 275250 | 4.03 | 74317.50 | 297270.00 | 4.03 |
| سەیدسادق | 9 | 82150 | 1.20 | 22180.50 | 88722.00 | 1.20 |
| شارەزور | 15 | 190174 | 2.78 | 51346.98 | 205387.92 | 2.78 |
| شارباژێڕ | 21 | 266050 | 3.89 | 71833.50 | 287334.00 | 3.89 |
| ماوەت | 3 | 56500 | 0.83 | 15255.00 | 61020.00 | 0.83 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دوكان | 152 | 1909310 | 27.95 | 515513.70 | 2062054.80 | 27.95 |
| ڕانیە | 59 | 640710 | 9.38 | 172991.70 | 691966.80 | 9.38 |
| پشدەر | 75 | 873500 | 12.79 | 235845.00 | 943380.00 | 12.79 |
| دەربەندیخان | 28 | 248054 | 3.63 | 66974.58 | 267898.32 | 3.63 |
| چەمچەماڵ | 74 | 945190 | 13.84 | 255201.30 | 1020805.20 | 13.84 |
| کۆ | 558 | 6831663 | 100.00 | 1844549.01 | 7378196.04 | 100.00 |

سەرچاوە: ئامادەكراوە بە پشبەست بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری كشتوكاڵی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩،لا٧.

*پێویستی ئاوی هەر بێچویەک بریتییە لە (٠,٧٥ لیتر/ڕۆژ) کە دەکاتە (٠,٢٧م٣/ساڵ)، بەمجۆرە: (٠,٧٥لیتر ×٣٦٥ ڕۆژ/١٠٠٠=٠,٢٧٣٧٥م٣)، و کێڵگە پەلەوەرییەکان لە ساڵێکدا (٤) خول یان (٤)جار مریشک بەرهەم دەهێنن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ-حسن، ٢٠٠٣، ص٢٤٠. ب-محمد, ٢٠١٤, ص١٣٧. ج- صالح، ٢٠١٥،لا١٧٥.

**تەوەرەی پێنجەم: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی:** پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی، یەکێکن لەو پرۆژانەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بونی دەرامەتی ئاوەوە هەیە و لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندیان بە خواستی دانیشتوانەوە هەیە. لەم لایەنەوە، بەڕوانین لە خشتەی (٦) و شێوەی (٢)دەبینین:

١-لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی (٣٨٩) حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە و کۆی ڕوبەری زەوی بەکارهاتو بۆ سەرجەم حەوزەکان (٦٢٠,٨٢) دۆنمە. کۆی پێویستی ئاوی ساڵانەی سەرجەمیان گەیشتۆتە (٤٨٩٤٥٤٤,٨٨)م٣/م.

خشتەی (٦) دابەشبونی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٨) لەسەر ئاستی قەزاكان و پێویستی ئاوییان.

| یەکەی کارگێڕی | ژ. حەوز | ڕووبەری زەوی دۆنم | توانای پرۆژە | کۆی پێویستی* ئاو/ م٣ | پێویستی ئاو% |
|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی سلێمانی | 14 | 41.00 | 14130 | 323244 | 6.60 |
| قەرەداغ | 0 | 0.00 | 0 | 0 | 0.00 |
| پێنجوێن | 39 | 28.70 | 168000 | 226270.8 | 4.62 |
| سەیدسادق | 8 | 7.00 | 6500 | 55188 | 1.13 |
| شارەزور | 1 | 7.00 | 2000 | 55188 | 1.13 |
| شارباژێر | 6 | 13.00 | 15500 | 102492 | 2.09 |
| ماوەت | 0 | 0.00 | 0 | 0 | 0.00 |
| دوكان | 95 | 51.00 | 24900 | 402084 | 8.21 |
| ڕانیە | 170 | 406.12 | 442700 | 3201850.08 | 65.42 |
| پشدەر | 33 | 16.00 | 114400 | 126144 | 2.58 |
| دەربەندیخان | 6 | 6.00 | 70000 | 47304 | 0.97 |
| چەمچەماڵ | 17 | 45.00 | 15710 | 354780 | 7.25 |
| کۆ | 389 | 620.82 | 873840 | 4894544.88 | 100.00 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩،لا٢٤-٣٠.

*پێویستی ئاوی ساڵانەی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی بۆ هەر دۆنمێک بریتییە لە (٠,٢٥لیتر/چرکە)، کە دەکاتە (٧٨٨٤م٣/ساڵ)، بڕوانە: أ- محمد,٢٠١٤, ص137. ب-صالح،٢٠١٥، لا١٨٠-١٨١.

٢-لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگا، جیاوازی زۆر بەدیدەکرێت، لەڕوی دابەشبونی ڕێژەیی ژمارەی حەوزەکان و ڕووبەریان و پێویستی ئاوییان، لەم لایەنەوە، قەزای ڕانیە بەڕێژەی(٦٥,٤٢%)ی کۆی پێوستی ئاوی بەکارهاتوی ئەم بوارە پلەی یەکەمی گرتوە (بەهۆی بونی ئاوی سازگاری بەردەوامی کانییەکانی قەزاکە، بەتایبەت بونی کانی سەروچاوە لە سنوری ناحیەی بێتواتە بە درێژایی ڕێڕەوەکەی لە هەردو ناحیەی بێتواتە و حاجیاوا حەوزی ماسی لەسەر دروستکراوە). و قەزای دوکان بە ڕێژەی(٨,٢١%) پلەی دوەمی گرتوە.(بەهۆی بونی دەریاچەی دوکان و بونی گەشتیار لەم قەزایەدا). و قەزای چەمچەماڵ پلەی سێیەمی گرتوە، بە ڕێژەی (٧,٢٥%) و قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە ڕێژەی (٦,٦٠%) لە پلەی چوارەم دەبینرێت. و قەزاکانی (پێنجوێن، پشدەر، شارباژێر، سەیدسادق و شارەزور بەیەکەوە، دەربەندیخان) یەک دوای یەک پلەکانی پێنجەم تا نۆیەمیان گرتوە. بەڵام هەردو قەزای (قەرەداغ و ماوەت) هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی ماسیان لەخۆنەگرتوە.

٣-لەئەنجامی خاڵی (٢) دەرکەوت، (٤) قەزای پارێزگا (ڕانیە، دوکان، چەمچەماڵ، ناوەند)، بەیەکەوە ڕێژەی (٨٧,٤٨%)ی کۆی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی و پێویستی ئاوی ئەم بوارەیان لەخۆگرتوە، لەبەرامبەر (٨) قەزاکەی دیکەی پارێزگا، تەنها ڕێژەی (١٢,٥٢%)ی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسیان لەخۆگرتوە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕێژەی دانیشتوان و بونی ناوچەی گەشتیاری و دەرامەتی ئاوی.

شێوەی (٢)

دابەشبونی ڕێژەیی پێویستی ئاوی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٨) لەسەر ئاستی قەزاکان




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست بە: خشتەی (٦).

**تەوەرەی شەشەم: بەکارهێنانی دەرامەتی ئاو بۆ بواری پیشەسازی:** پیشەسازی، یەکێکە لەو بوارانەی کە بڕێکی زۆری ئاوی پێویستە، کە جیاوازە بەگوێرەی قەبارەی پیشەسازییەکان. لە خشتەی(٧) دەردەکەوێت، پیشەسازییەکانی پارێزگای سلێمانی لەڕوی قەبارەوە دابەشکراون، بەسەر سێ کۆمەڵەی سەرەکیدا: (بچوک،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

ناوەند، گەورە)، کە بڕی بەکاربردنی ئاو بۆ پیشەسازی قەبارە گەورە و (بچوک و ناوەند) جیاوازە، بە مەبەستی خستنەڕوی دابەشبونی جوگرافی پیشەسازییەکان لەسەر ئاستی قەزاکان و ڕێژەی بەکاربردنی ئاو، دەبینین:

١-ژمارەی سەرجەم دامەزراوە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، گەیشتۆتە(٤٧٢) دامەزراوە. دابەشبونی ڕێژەییان بەمجۆرەیە: پیشەسازی بچوک ڕێژەی(٧٢,٢٥%)ی کۆی پیشەسازییەکانی پارێزگای پێکهێناوە و پلەی یەکەمی داگیرکردوە. و پیشەسازییە قەبارە ناوەندەکان پلەی دوەمیان گرتوە، بە ڕێژەی(٢٠,٩٧%). و پیشەسازییە قەبارە گەورەکان بە ڕێژەی(٦,٧٨%) پلەی سێیەم و کۆتاییان گرتوە. واتە زۆربەی پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پیشەسازی قەبارە بچوک و ناوەندن.

٢-لەسەر ئاستی بەرکەوتی ڕێژەیی پیشەسازییەکان لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگا، جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، بەجۆرێک، قەزای مەڵبەندی سلێمانی(٦٩,٧٠%)ی کۆی پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی لەخۆگرتوە و پلەی یەکەمی گرتوە. (چونکە قەزای مەڵبەندی سلێمانی، پایتەختی کارگێری پارێزگای سلێمانییە و نزیکەی نیوەی دانیشتوانی پارێزگاکەی لەخۆگرتوە). قەزای ڕانیە بە لەخۆگرتنی ڕێژەی(١٢,٠٨%)ی دامەزراوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

خشتەی (٧)

دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی دامەزراوە پیشەسازییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٩) بە گوێرەی قەزاکان و پێویستی ئاوییان.

| یەکەی کارگێڕی | قەبارەی * پیشەسازی | | | | | | کۆی دامەزراوە پیشەسازییەکان و کۆی پێویستی ئاوییان بەگوێرەی قەبارە و قەزاکان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بچوك | % | ناوەند | % | گەورە | % | کۆی گشتی | %کۆی گشتی | کۆی پێویستی ئاو پیشەسازی بچوك | کۆی پێویستی ئاو پیشەسازی مامناوەند | کۆی پێویستی ئاو پیشەسازی گەورە | کۆی پێویستی ئاوی/م3** | پێویستی ئاوی % |
| مەڵبەندی سلێمانی | 227 | 69.00 | 78 | 23.71 | 24 | 7.29 | 329 | 69.70 | 143173440 | 49196160 | 302745600 | 495115200 | 72.69 |
| قەرەداغ | 1 | 100.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 1 | 0.21 | 630720 | 0 | 0 | 630720 | 0.09 |
| پێنجوێن | 1 | 100.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 1 | 0.21 | 630720 | 0 | 0 | 630720 | 0.09 |
| سەیدسادق | 3 | 75.00 | 0 | 0.00 | 1 | 25.00 | 4 | 0.85 | 1892160 | 0 | 12614400 | 14506560 | 2.13 |
| شارەزور | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.00 |
| شارباژێر | 3 | 75.00 | 0 | 0.00 | 1 | 25.00 | 4 | 0.85 | 1892160 | 0 | 12614400 | 14506560 | 2.13 |
| ماوەت | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.00 |
| دوکان | 13 | 68.42 | 5 | 26.32 | 1 | 5.26 | 19 | 4.03 | 8199360 | 3153600 | 12614400 | 23967360 | 3.52 |
| ڕانیە | 42 | 73.68 | 13 | 22.81 | 2 | 3.51 | 57 | 12.08 | 26490240 | 8199360 | 25228800 | 59918400 | 8.80 |
| پشدەر | 5 | 100.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 5 | 1.06 | 3153600 | 0 | 0 | 3153600 | 0.46 |
| دەربەندیخان | 31 | 91.18 | 2 | 5.88 | 1 | 2.94 | 34 | 7.20 | 19552320 | 1261440 | 12614400 | 33428160 | 4.91 |
| چەمچەماڵ | 15 | 83.33 | 1 | 5.56 | 2 | 11.11 | 18 | 3.81 | 9460800 | 630720 | 25228800 | 35320320 | 5.19 |
| کۆ | 341 | 72.25 | 99 | 20.97 | 32 | 6.78 | 472 | 100.00 | 215075520 | 62441280 | 403660800 | 681177600 | 100.00 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشبەست بە: ١–وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری دامەزراوە پیشەسازییەکانی پارێزگای سلێمانی تا بەرواری (٢٠١٩/١٢/٣١)، ٢٠٢٠، زانیاری بلاونەکراوە. ٢–وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری پیشەسازی، ئاماری دامەزراوە پیشەسازییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٩، ٢٠٢٠. زانیاری بلاونەکراوە. * بۆ پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان، پیوەری عێراقی بەکارهاتوە، (کە پشت بە ژمارەی کرێکار دەبەستێت بەمجۆرە: (٩–١ کرێکار) بە پیشەسازی قەبارە بچوک دادەنرێت، و (٣٠–١٠ کرێکار) بە پیشەسازی قەبارە مامناوەند داددەنریت، و (زیاتر لە ٣٠ کرێکار) بە پیشەسازی قەبارە گەورە دادەنرێت.

بروانە: ناصر، ٢٠١٦، ل١٥٨.

**کۆی پێویستی ئاوی پیشەسازییە بچوکەکان بریتییە لە (٠,٠٢م٣/چرکە)، کە دەکاتە (٦٣٠٧٢٠م٣/ساڵ) – لەبەرئەوەی پێوەر نەبوە بۆ پیشەسازییە مامناوەندەکان، بۆیە هەمان پێوەری پیشەسازییە بچوکەکانیان بۆ بەکارهاتوە. و کۆی پێویستی ئاوی پیشەسازییە قەبارە گەورەکان بریتییە لە (٠,٤م٣/چرکە)، کە دەکاتە (١٢٦١٤٤٠٠م٣/ساڵ)، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: أ– علاءالدین,٢٠١٢, ص١٠٨. ب– محمد,٢٠١٤, ص١٣٨.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

پیشەسازییەکانی پارێزگا، پلەی دووەمی گرتوە، (چونکە لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە بە پلەی دوەم دێت لەسەر ئاستی پارێزگا) و قەزای دەربەندیخان، بە ڕێژەی(٧,٢٠%)ی دامەزراوە پیشەساییەکان پلەی سێیەمی گرتوە، و قەزاکانی دوکان و چەمچەماڵ و پشدەر بە ڕێژەکانی(٤,٠٣%) و(٣,٨١%) و(١,٠٦%) یەک دوای یەک پلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیان گرتوە. و قەزاکانی قەرەداغ و پێنجوێن هەریەکەیان بەڕێژەی(٠,٨٥%) پلەی حەوتەمیان گرتوە. قەزاکانی شارباژێر و سەیدسادق هاوشانی یەکتر پلەی هەشتەمیان گرتوە، هەر یەکەیان بە ڕێژەی(٠,٢١%). قەزاکانی شارەزور و ماوەت هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازییان لەخۆنەگرتوە.

٣-دەربارەی بڕی بەکاربردنی ئاو، لەسەر ئاستی قەبارەی پیشەسازییەکان، دەردەکەوێت، کە پیشەسازییە قەبارە بچوکەکان، ڕێژەی(٧٢,٢٥%)ی پیشەسازییەکان پێکهێناوە، بەڵام تەنها (٣١,٥٧%)ی کۆی ئاوی کەرتی پیشەسازی بەکاربردوە. پیشەسازییە قەبارە ناوەندەکان،(٢٠,٩٧%)ی پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیان لەخۆگرتوە، بەڵام تەنها (٩,١٦%)ی کۆی ئاوی کەرتی پیشەسازییان بەکارهێناوە. و پیشەسازییە قەبارە گەورەکان، گەرچی تەنها (٦,٧٨%)ی کۆی پیشەسازییەکانی پارێزگایان پێکهێناوە، بەڵام ڕێژەی(٥٩,٢٥%)ی کۆی ئاوی کەرتی پیشەسازییان بەکاربردوە. کەواتا جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، لە ڕوی دابەشبونی ڕێژەیی (پیشەسازییەکان و بەکاربردنی ئاو)، بەجۆرێک پیشەسازییە قەبارە بچوک و ناوەندەکان زۆرترین ڕێژەی پیشەسازییەکانی(٩٣,٢٢%) ناوچەی لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە، بەڵام کەمترین بڕی ئاویان(٤٠,٧٣%) بەکاربردوە، پیشەسازییە قەبارە گەورەکان، گەرچی کەمترین ڕێژەیان(٦,٧٨%) پێکهێناوە، بەڵام زۆرترین بڕی ئاویان (٥٩,٢٥%) بەکارهێناوە. ئەوەش بەهۆی جیاوازی بڕی بەرهەم و پێویستی ئاو، بەجۆرێک پیشەسازییە قەبارە گەورەکان زۆرترین بڕی ئاو بەکار دەهێنن لە ساڵێکدا،وەک لە خشتەی (٧)ئاماژەی پێکراوە.

٤- لە ڕوی دابەشبونی ڕێژەیی بەکابردنی ئاوی دامەزراوە پیشەسازییەکان، لەسەر ئاستی قەزاکان جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، بەجۆرێک، قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە بەکاربردنی ڕێژەی(٧٢,٦٩%)ی کۆی ئاوی کەرتە پیشەسازییەکان، پلەی یەکەمی گرتوە. قەزاکانی (ڕانیە و چەمچەماڵ و دەربەندیخان و دوکان) یەک دوای یەک بە ڕێژەی(٨,٨٠%) و(٥,١٩%)و (٤,٩١%)و (٣,٥٢%) پلەکانی دوەم بۆ پێنجەمیان گرتوە. قەزاکانی شارباژێر و سەیدسادق پلەی شەشەمیان گرتوە. وە قەزای پشدەر پلەی حەوتەمی گرتوە و قەزاکانی قەرەداغ و پێنجوێن پلەی هەشتەمیان گرتوە. قەزاکانی(شارەزور و ماوەت) هیچ بڕێکی ئاویان بەکارنەبردوە، چونکە هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازییان لەخۆ نەگرتوە. هۆکاری جیاوازی بڕی بەکاربردنی ئاو لە نێوان قەزاکان، پێشتر لە خاڵی(٢) ئاماژەمان پێکردوە، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان (دابەشبونی ڕێژەیی پیشەسازییەکان) و (دابەشبونی ڕێژەیی بەکاربردنی ئاو) لە هەر قەزایەکدا و ڕێژەی سەدی ئەو دو بوارەیان تا ڕادەیەک لە یەکتر نزیکە. جگە لەو قەزایانەی کە پیشەسازی گەورەیان تێدایە، وایکردوە ڕێژەی بەکاربردنی ئاویان زیاتر بێت.

**تەوەرەی حەوتەم: کۆی پێویستی ئاوی سەرجەم کەرتەکان:** لە تەوەرەکانی پێشو، بڕی پێویستی ئاوی هەر کەرتێکمان باسکرد، لەو تەوەرەیەدا، باسی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگا دەکەین، لەسەر ئاستی کەرتە جیاوازەکان و قەزاکان، بەهۆی ئەوە قەبارەی بەکارهێنانی ئاو دەردەکەوێت. دوای ئەوە دەکرێ ڕۆڵی بەنداوە پێشنیارکراوە بچوکەکان لە پڕ کردنەوەی ئەو پێویستییە ئاویانە دەربخەین. لە خشتەی(٨)، دەردەکەوێت:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

١-کۆی پێویستی و بەکاربردنی ئاو بۆ سەرجەم کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی، بریتییە لە (١٧٤٨١٥٠١١١)م٣.

٢-لەسەر ئاستی پێویستی و بەکاربردنی ئاو بۆ کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی، جیاوازی بەرچاو بەدی دەکرێت لە نێوان کەرتەکاندا، بەجۆرێک کەرتی کشتوکاڵ (کشتوکاڵی هاوینە و ڕەز و باخ بەیەکەوە) بەرێژەی (٤٨,١٦%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتو، پلەی یەکەمی گرتوە، (واتا کەرتی کشتوکاڵ لەسەر ئاستی پارێزگا نزیکەی نیوەی پێویستی ئاوی کۆی سەرجەم کەرتەکان بەکاردەبات). کەرتی پیشەسازی بە بەکارهێنانی ڕێژەی(٣٨,٩٧%) کۆی ئاوی بەکارهاتو، پلەی دوەمی گرتوە. و کەرتی مرۆیی(دانیشتوان) بە بەکارهێنانی ڕێژەی(١١,٨٦%)ی ئاوی بەکارهاتو، لە پلەی سێیەم دەبینرێت. و کێڵگەکانی بەخێوکردنی مریشک بە ڕێژەی(٠,٤٢%) پلەی چوارمی داگیرکردوە، و سامانی ئاژەڵ بە بەکارهێنانی ڕێژەی (٠,٣٢%) لە پلەی پێنجەم دێت و پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی بە بەکاربردنی ڕێژەی(٠,٢٨%)ی ئاو پلەی شەشەم و کۆتایی گرتوە.

٣-لەسەر ئاستی قەزاکانیش جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، لە کۆی بەکاربردنی ئاو لەسەر ئاستی هەر قەزایەک (بڕوانە شێوەی ٣)، بەجۆرێک قەزای مەڵبەندی سلێمانی بە بەکارهێنانی ڕێژەی (٣٦%)ی کۆی ئاوی بەکارهاتوی پارێزگا پلەی یەکەمی داگیرکردوە، چونکە ئەم قەزایە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی پارێزگاکەی لەخۆگرتوە، و قەزای شارباژێڕ ڕێژەی(٩,٧٥%)ی ئاوی پارێزگای بەکارهێناوە و پلەی دوەمی گرتوە، (گەرچی ئەم قەزایە ژمارەی دانیشتوانی کەمە، بەڵام هۆکاری بەرزی ڕێژەی بەکاربردنی ئاوی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری کشتوکاڵ، چونکە ئەم قەزایە لە ڕوی بەکابردنی ئاو بۆ ڕەزو باخ لەسەر ئاستی پارێزگا لە پلەی یەکەم دێت بە کاربردنی ڕێژەی (٢٣,٠٣%)ی ئاو بۆ بواری ڕەز و باخ. (بڕوانە خشتەکانی ١ و ٣). و قەزای پشدەر بە بەکارهێنانی (٩,٠٦%)ی ئاو، پلەی سێیەمی گرتوە. و قەزای ڕانیە بە بەکارهێنانی ڕێژەی (٧,٢٥%) لە پلەی چوارەم دەبینرێت و قەزای ماوەت بە ڕێژەی (٦,٦٠%) پلەی پێنجەمی گرتوە.

جیاوازی ڕێژەی بەکاربردنی ئاو لە نێوان قەزاکاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بەکابردنی ئاوی کەرتە جیاوازەکانیان، بەتایبەت کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و دانیشتوان)، کە یەک دوای یەک زۆرترین ئاویان بەکاربردوە لەسەر ئاستی پارێزگا و زۆرترین جیاوازییان دروستکردوە لە ڕێژەی بەکابردنی ئاو لە نێوان قەزاکاندا، بەجۆرێک هەندێک قەزا لە ڕوی بەکابردنی ئاو بۆ بواری کشتوکاڵ لە پێشەنگدان، لە کاتێکدا چەند قەزایەکی دیکە لە ڕوی بەکاربردنی ئاو بۆ بواری پیشەسازی لە پلەکانی پێشەوە دەبینرێن. هەمان شتیش ڕاستە بۆ کەرتی مرۆیی(دانیشتوان)، هەروەها، دەکرێ بڵێین، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕێژەی بەکاربردنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7 ISSN: 2410 – 1036

خشتەی(٨)

کۆی (پێویستی ئاوی/م٣) سەرجەم کەرتەکانی پارێزگای سلێمانی لە سەر ئاستی قەزاکان

| یەکەی کارگێڕی | ڕەز و باغ | کشتوکاڵ هاوینە | دانیشتوان | پیشەسازی | بەخێوکردنی ماسی | کێڵگەی پەلەوەری مریشک | سامانی ئاژەڵ | کۆی پێویستی ئاو | کۆی پێویستی ئاو قەزا% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی سلێمانی | 16349690.00 | 6227915.47 | 109480200.00 | 495115200.00 | 323244.00 | 1271997.00 | 562261.50 | 629330507.97 | 36.00 |
| قەرەداغ | 18012480.00 | 1114973.00 | 633000.00 | 630720.00 | 0.00 | 180360.00 | 275911.50 | 20847444.50 | 1.19 |
| پێنجوێن | 34963880.00 | 12512093.50 | 3720990.00 | 630720.00 | 226270.80 | 297270.00 | 80917.00 | 52432141.30 | 3.00 |
| سەیدسادق | 74379120.00 | 6139801.31 | 8906730.00 | 14506560.00 | 55188.00 | 88722.00 | 189229.00 | 104265350.31 | 5.96 |
| شارەزور | 1164600.00 | 2705262.41 | 8296980.00 | 0.00 | 55188.00 | 205387.92 | 405008.00 | 12832426.33 | 0.73 |
| شارباژێر | 150395150.00 | 3673294.48 | 1301970.00 | 14506560.00 | 102492.00 | 287334.00 | 142130.00 | 170408930.48 | 9.75 |
| ماوەت | 113904350.00 | 840377.87 | 444450.00 | 0.00 | 0.00 | 61020.00 | 68860.00 | 115319057.87 | 6.60 |
| دوکان | 57887090.00 | 3705203.12 | 6802320.00 | 23967360.00 | 402084.00 | 2062054.80 | 535774.50 | 95361886.42 | 5.46 |
| ڕانیە | 29807290.00 | 5282124.44 | 27604290.00 | 59918400.00 | 3201850.08 | 691966.80 | 165777.00 | 126671698.32 | 7.25 |
| پشدەر | 136413480.00 | 3368459.38 | 13800690.00 | 3153600.00 | 126144.00 | 943380.00 | 551885.00 | 158357638.38 | 9.06 |
| دەربەندیخان | 2484480.00 | 778981.71 | 6292890.00 | 33428160.00 | 47304.00 | 267898.32 | 217053.00 | 43516767.03 | 2.49 |
| چەمچەماڵ | 17352540.00 | 4600902.70 | 20022990.00 | 35320320.00 | 354780.00 | 1020805.20 | 2327446.50 | 80999784.40 | 4.63 |
| کۆ | 653114150.00 | 188755867.08 | 207307500.00 | 681177600.00 | 4894544.88 | 7378196.04 | 5522253.00 | 1748150111.00 | 100.00 |
| %لە پێویستی ئاو | 37.36 | 10.80 | 11.86 | 38.97 | 0.28 | 0.42 | 0.32 | 100.00 | |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشبەست بە: خشتەکانی: (١) و(٢) و(٣) و(٤) و(٥) و (٦) و(٧) و پاشکۆی(١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

شێوەی (٣)

کۆی (پێویستی ئاوی/م٣) سەرجەم کەرتەکانی پارێزگای سلێمانی لە سەر ئاستی قەزاکان%




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشتبەست بە: خشتەی (٨).

ئاو و ڕێژەی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزاکان، (چونکە تا ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت، ڕێژەی بەکاربردنی ئاو بۆ زۆربەی کەرتەکان زیاد دەکات). لەم لایەنەوە: (٥) قەزای پارێزگای سلێمانی، کە بریتین لە: (مەڵبەندی سلێمانی، ڕانیە، چەمچەماڵ، پشدەر، سەیدسادق)، ڕێژەی (٨٤,٢٧%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە و ڕێژەی (٦٢,٩%)ی کۆی ئاوی سەرجەم کەرتەکانی پارێزگایان بەکارهێناوە. (٧) قەزاکانی دیکەی پارێزگا، بەیەکەوە (١٥,٧٣%)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە و ڕێژەی (٣٧,١%)ی ئاوی بەکارهاتویان بەکاربردوە.

## باسی دوەم: دامەزراندنی بەنداوە بچوکەکان و ڕۆڵیان لە دابینکردنی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی

لە باسی یەکەم، کۆی بڕی پێویستی ئاوی کەرتەکانمان بۆ دەرکەوت. لەم باسەدا ڕۆڵی بەنداوە بچوکەکانی پارێزگا باس دەکەین، لە ڕێژەی دابینکارییان بۆ پێویستی ئاوی کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی. پێش ئەوەی بابەتەکە باس بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، بۆ زانینی کاریگەری بەنداوە بچوکەکان لەسەر کۆی پرۆسەکانی وەبەرهێنان و دابینکردنی ئاو، بۆ هەر بەنداوێک پێویستمان بەو زانیارییانە هەیە: (١-بڕی چەند ئاو دابین دەکات بۆ خواردنەوە و چەند کەس سودمەند دەبن؟ ئاو بۆ چەند سەر ئاژەڵ دابین دەکات بۆ خواردنەوە؟ چەند دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەراو دەکات؟ چەند وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنێت؟) دوای دەستکەوتنی ئەو زانیارییانە ڕۆڵی ڕاستەقینەی بەنداوە پێشنیارکراوەکان لە هەر قەزایەک دەردەکەوێت. بەڵام بەداخەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێم، پێیان ڕاگەیاندین، ئەو زانیارییانە تەنها بۆ (بەنداوە تەواوکراوەکان- ٨بەنداو) و (ئەو بەنداوانەی لە ژێر جێبەجێکردندان- ٩ بەنداو) بەردەستە، کە دەکاتە (١٧) بەنداو لە کۆی (٨٧)ی بەنداوی پارێزگا- کە (٨ دانەیان تەواوکراون) و (٧٩ دانەیان تەواونەکراون و بە ژمارەی جیاواز دابەشبون بەسە رقەزاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا –سەیری نەخشەی ٢ بکە). چونکە بەشێکی زۆری ئەو بەنداوانە،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

جگە لەو دو قۆناغە (تەواوکراوەکان و ئەوانەی لە ژێر جێبەجێکردندان)، ئێستا قۆناغەکانی لێکۆڵینەویان تەواو نەبوە و نەزانراوە چەند ئاو بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ و وزەی کارەبا دابین دەکەن. بۆیە ناتوانین بە وردی کاریگەری و ڕۆڵی هەر بەنداوێک لەسەر ئاستی هەر قەزایەک باس بکەین. بۆیە ناچارین بەشێوەیەکی گشتی لە سەر بنەمای (کۆی پێویستی ئاوی هەر قەزایەک بۆ سەرجەم کەرتەکان) و (کۆی ئاوی پێشبینیکراوی گەنجینەکراو بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکانەوە)، کاریگەری بەنداوە پێشنیارکراوەکان بخەینەڕو لەسەر وەبەرهێنان و دابینکردنی ئاو، لەم لایەنەوە، لەخشتەی(٩) دەردەکەوێ:

١-کۆی پێویستی ئاوی سەرجەم کەرتەکانی پارێزگای سلێمانی، بریتییە لە: (1748150111)م/٣، و کۆی ئاوی گەنجینەکراو بەهۆی بەنداوەکانەوە بریتییە لە: (١٢٦٩٧٨٠٠٠٠)م/٣، واتە بەنداوە پێشنیارکراوەکان دەتوانن ڕێژەی (%٧٢,٦٤) کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی دابین بکەن، کە ئەوەش گرنگی و بایەخی زۆری هەیە و بەشێکی گرنگی ئاسایشی ئاوی پارێزگاکە دابین دەکات.

٢-بەڵام لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت (سەیری خشتەی٩ و نەخشەی٣ بکە)، بەجۆرێک بەشێک لە قەزاکان، بەهۆی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە بچوکە پێشنیارکراوەکانەوە، سەرجەم پێویستییە ئاوییەکانیان دابیندەکەن و لە بەشێکیان زۆر زیاتر دەبێت لە پێویستییەکانیان، بەڵام لە بەشێکی دیکەی قەزاکانی پارێزگاکە، ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان، ناتوانێت، کۆی پێویستییە ئاوییەکانی ئەو قەزایانە دابین بکەن و کێشەی کەمی ئاویان بۆ دروست دەبێت و دەبێ لەسەرچاوەی دیکەی ئاوی پێویستییە ئاوییەکانیان پڕ بکەنەوە، لەم لایەنەوە دەتوانین قەزاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەش بکەین بۆ

**سێ دەستەی سەرەکی: دەستەی یەکەم: زۆر هاوسەنگ. دەستەی دوەم: هاوسەنگ. دەستەی سێیەم: ناهاوسەنگ.**

**دەستەی یەکەم: زۆر هاوسەنگ:** ئەم قەزایانە دەگرێتەوە، کە دەرامەتی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان زۆر زیاترە (چەند ئەوەندە) لە کۆی پێویستییە ئاوییەکانیان، کە بە ڕیزبەندی بریتین لە:

یەکەم: قەزای شارەزور: تەنها ڕێژەی (%٠,٧٣)ی پێویستییە ئاوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکاردەبات، بەڵام ڕێژەی (%٣,٩٤)ی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا گل دەداتەوە، واتە ئەم بەنداوانە بە ڕێژەی(%٣٨٩,٦٤) ئاو بۆ پێویستییەکانی قەزاکە دابین دەکەن.

دوەم: قەزای شارباژێر: ڕێژەی (%٩,٧٥)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگا بەکاردەبات، بەڵام ڕێژەی (%٣٦,٥٨)ی کۆی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا گەنجینە دەکات، و بەنداوە پێشنیارکراوەکانی قەزاکە بەڕێژەی (%٢٧٢,٦٠)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابین دەکات. دەبێتە دوەم دەوڵەمەندترین قەزا بە دەرامەتی ئاو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

نەخشەی (٢)

دابەشبونی بەنداوە پێشنیارکراوەکان* بەگوێرەی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشبەست بە:

1- ministry of agriculture and water resources, dam master plan for kurditan, general map-sites of dams and planned daams in Kurdistan region, proposed scenario.(sites of existing, execution, projected and planned dams in lesser zab basin, sirwan basin, awa spi basin) propsed scenario.

**دەستەی دوەم: هاوسەنگ:** ئەم قەزایانە دەگرێتەوە، کە پێویستی ئاوییان هاوسەنگە لەگەڵ بڕی دەرامەتی ئاوی گەنجینەکراو، بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکانەوە، وە بڕێک زیاتریشە لە پێویستییەکانیان. ڕیزبەندی قەزاکانی ئەم دەستەیە لە بەرزەوە بۆ نزم بەم جۆرەیە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

خشتەی (٩)

ڕۆڵی بەنداوە پێشنیارکراوەکان لە وەبەرهێنان و دابینکردنی کۆی پێویستی ئاوی سەرجەم کەرتەکانی پارێزگای سلێمانی

| یەکەی کارگێڕی | کۆی پێویستی ئاو سەرجەم کەرتەکان/م٣ | کۆی پێویستی ئاو قەزا% | قەبارەی ئاوی گەنجینەکراو بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکان/م٣ | قەبارەی ئاوی گەنجینەکراو بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەک ان % | هاوسەنگی ئاوی | دابینکردنی ئاو بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکان % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی سلێمانی | 629330507.97 | 36.00 | 109200000 | 8.60 | -520130508 | 17.35 |
| قەرەداغ | 20847444.50 | 1.19 | 1000000 | 0.08 | -19847444.5 | 4.80 |
| پێنجوێن | 52432141.30 | 3.00 | 10000000 | 0.79 | -42432141.3 | 19.07 |
| سەیدسادق | 104265350.31 | 5.96 | 58000000 | 4.57 | -46265350.31 | 55.63 |
| شارەزور | 12832426.33 | 0.73 | 50000000 | 3.94 | 37167573.67 | 389.64 |
| شارباژێر | 170408930.48 | 9.75 | 464540000 | 36.58 | 294131069.5 | 272.60 |
| ماوەت | 115319057.87 | 6.60 | 88020000 | 6.93 | -27299057.87 | 76.33 |
| دوکان | 95361886.42 | 5.46 | 63550000 | 5.00 | -31811886.42 | 66.64 |
| ڕانیە | 126671698.32 | 7.25 | 48700000 | 3.84 | -77971698.32 | 38.45 |
| پشدەر | 158357638.38 | 9.06 | 259200000 | 20.41 | 100842361.6 | 163.68 |
| دەربەندیخان | 43516767.03 | 2.49 | 19710000 | 1.55 | -23806767.03 | 45.29 |
| چەمچەماڵ | 80999784.40 | 4.63 | 97860000 | 7.71 | 16860215.6 | 120.82 |
| کۆ | 1748150111.00 | 100.00 | 1269780000 | 100.00 | -478370111 | 72.64 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشبەست بە: ١-خشتەی (٨).

2-Kurdistan ministry of agriculture and water resources, dam master plan for kurditan, general map-sites of dams and planned daams in region, proposed scenario.(sites of existing, execution, projected and planned dams in lesser zab basin, sirwan basin, awa spi basin) propsed scenario.

یەکەم: قەزای پشدەر: (٩,٠٦%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگا بەکاردەهێنێت، لە بەرامبەردا (٢٠,٤١%)ی کۆی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراو گەنجینە دەکات. واتە بەنداوەکانی قەزاکە بەڕێژەی (١٦٣,٦٨%) کۆی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابین دەکەن. واتە ڕێژەی پێویستییەکانی هاوسەنگە بەرامبەر بە دەرامەتی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی و زیاتریشە لە پێویستییەکانی.

دووەم: قەزای چەمچەماڵ: ڕێژەی (٤,٦٣%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکاردەهێنێت، و ڕێژەی (٧,٧١%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان گەنجینە دەکات و بەنداوە پێشنیارکراوەکانی سنوری قەزاکە، ڕێژەی (١٢٠,٨٢%)ی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابین دەکەن. (لە سنوری ئەم قەزایە ٥ بەنداوی بچوکی تەواوکراو هەیە، کە زیاتر لە ١١ملیۆن/م٣ ئاویان گەنجینە کردوە*-بڕوانە نەخشەی٣ – دەکرێ لەگەڵ بەنداوە پێشنیارکراوەکان پشکی ئاوی قەزاکە زۆر زیاتر بێت).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

نەخشەی (٣)

پۆلێنکردنی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی ڕۆڵی بەنداوە پێشنیارکراوەکان لە دابینکردنی کۆی پێویستی ئاوییەکانیان




سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشبەست بە: خشتەی(٩).

**دەستەی سێیەم: ناهاوسەنگ:** ئەو قەزایانە دەگرێتەوە، کە پێویستی ئاوییان زیاترە لە ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان، کە بە ڕیزبەندی لە دۆخی باشەوە بۆ خراپتر بریتین لە:

یەکەم: قەزای ماوەت: ئەم قەزایە، (٦,٦٠%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگا بەکاردەهێنێت، و لەبەرامبەردا ڕێژەی (٦,٩٣%)ی کۆی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگای گەنجینە کردوە. ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە بچوکەکانی سنوری قەزاکە بە ڕێژەی (٧٦,٣٣%) کۆی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە، دابین دەکەن، واتە بەنداوە پێشنیارکراوەکانی ناتوانن کۆی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابین بکەن.

دوەم: قەزای دوکان: ڕێژەی(٥,٦٤%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگا بەکاردەبات، بەڵام ڕێژەی (٥%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا گەنجینە دەکات، بەڵام بەنداوە پێشنیارکراوەکانی دەتوانن بەڕێژەی (٦٦,٦٤%) ئاو بۆ پێویستییەکانی قەزاکە دابین بکەن، واتە دەکەوێتە دەستەی ناهاوسەنگ.

سێیەم: قەزای سەید سادق: ئەم قەزایە، ڕێژەی (٥,٩٦%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکاردەهێنێت، لە بەرامبەردا، ڕێژەی (٤,٥٧%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا گەنجینە دەکات، ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی سنوری قەزاکە، بە ڕێژەی (٥٥,٦٣%) ئاو دابین دەکەن بۆ پێویستییەکانی قەزاکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

چوارەم: قەزای دەربەندیخان: ئەم قەزایە ڕێژەی (٢,٤٩%)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنێت، لە بەرامبەردا، تەنها ڕێژەی (١,٥٥%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان گەنجینە دەکات، و بەنداوە پێشنیارکراوەکانی قەزاکە ڕێژەی (٤٥,٤٩%)ی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابیندەکەن، واتە کەمتر لە پێویستییە ئاوییەکانی بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکانەوە دابین دەکرێت. (دەکرێ بۆ ئێستا سود لە بەنداوی دەربەندیخان وەربگیرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەمییە لە ڕێژەی ئاو. بەڵام بۆ ئایندەی مام ناوەند و دور و بە لەبەرچاوگرتنی پرۆژە ئاوییەکانی وڵاتی ئێران لەسەر ڕوباری سیروان، دەبێ بیر لە دروستکردنی بەنداوی بچوکی دیکە بکرێتەوە).

پێنجەم: قەزای ڕانیە: ڕێژەی (٧,٢٥%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکاردەبات، بەڵام تەنها ڕێژەی (٣,٨٤%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا، گەنجینە دەکات، بۆیە ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان لە توانایاندایە تەنها ڕێژەی (٣٨,٤٥%)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابینبکەن. ئەمەش دەریدەخات بەنداوە بچوکەکانی ئەم قەزایە تەنها (شتێک زیاتر لە ٣/١) پێویستییە ئاوییەکانی دابین دەکەن، پێویستە بەنداوی بچوکی دیکە لە سنوری قەزاکە دروست بکرێت، یان دەبێ پشت بە سەرچاوەی دیکەی ئاو ببەسترێت.

شەشەم: قەزای پێنجوێن: ڕێژەی(٣%)ی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا ڕێژەی(٠,٧٩%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا گەنجینە دەکات، و بەنداوە پێشنیارکراوەکانی سنوری قەزاکە تەنها ڕێژەی(١٩,٠٧%)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابین دەکەن. واتە ڕێژەی بەرکەوتەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی زۆر ناهاوسەنگە بەراورد بە پێویستییە ئاوییەکانی، چونکە کەمتر لە (٥/١)ی پێویستییە ئاوییەکانی دابین دەکەن.

حەوتەم: قەزای مەڵبەندی سلێمانی: ئەم قەزایە، لەگەڵ ئەوەی(٣٦%)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکاردەهێنێت و لە پلەی یەکەمدایە لەو لایەنەوە، بەڵام تەنها ڕێژەی (٨,٦٠%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی پارێزگا گەنجینە دەکات. واتە بەنداوە پێشنیارکراوەکانی سنوری ئەم قەزایە، تەنها ڕێژەی (١٧,٣٥%)ی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابین دەکەن، کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە و خراپترین ڕێژەیە لەسەر ئاستی سەرجەم قەزاکانی پارێزگای سلێمانی (جگە لە قەزای قەرەداغ)، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە لاسەنگی زۆر هەیە لە نێوان پێویستی ئاوی قەزاکە و بڕی ئاو هەبو بەهۆی بەنداوە پێشنیارکراوەکان، بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە و بڕێکی زۆری بەکاربردنی ئاو بەتایبەت لە کەرتی پیشەسازی.

هەشتەم: قەزای قەرەداغ: ئەم قەزایە، تەنها ڕێژەی (١,١٩%)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکاردەبات، بەڵام تەنها ڕێژەی (٠,٠٨%)ی ئاوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان گەنجینە دەکات، واتە بەنداوە پێشنیارکراوەکانی سنوری قەزاکە، تەنها ڕێژەی (٤,٨٠%)ی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە دابیندەکەن، ئەوەش کەمترین ڕێژەیە لەسەر ئاستی سەرجەم قەزاکانی پارێزگا. (لە سنوری ئەم قەزایە ١ بەنداوی تەواوکراو بونی هەیە. کە ١ ملیۆن/م٣ ئاو گەنجینە دەکات*-بڕوانە نەخشەی ٣) بەڵام کۆی ئاوی (بەنداوە تەواوکراوەکانی و پێشنیارکراوەکانی) تەنها دەتوانن ڕێژەی (٩,٥٩%)ی پێویستییە ئاوییەکانی قەزاکە، دابینبکەن. (بۆیە پێویستە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

سەرچاوەی دیکەی ئاو بەکاربهێندریت، یان دەبێ بەنداوی بچوکی دیکە دروست بکرێن، ئەوەی کێشەکە گەورەتر دەکات، بەشێکی سنوری ئەم قەزایە کەوتوتە سنوری ئاوزێلی باسەرە، کە کەمترین بڕی بارانی لێدەباریت.

له پوختەی ئەو زانیارییانەی، کە لەو باسەدا خرایەڕو، دەرکەوت بەنداوە پێشنیارکراوەکان، دەتوانن (٧٢,٦٤)ی پێویستییە ئاوییەکانی کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی دابین بکەن. بەڵام لەسەر ئاستی قەزاکان جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، بەجۆرێک بە بەراورد بە (پێویستی ئاو) و (قەبارەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان)، قەزاکانی (شاربازێڕ، شارەزور)، دەکەونە دەستەی زۆر هاوسەنگ و بڕی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان زۆر زیاترە لە پێویستییە ئاوییەکانیان. قەزاکانی (پشدەر و چەمچەماڵ)، دەکەونە سنوری دەستەی هاوسەنگ، چونکە قەبارەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان هاوسەنگە و بڕێک زیاتریشە بە بەراورد بە پێویستییە ئاوییەکانیان. بەڵام قەزاکانی (ماوەت و دوکان و سەیدسادق و دەربەندیخان و ڕانیە و پێنجوێن و مەڵبەندی سلێمانی و قەرەداغ)، دەکەونە دەستەی ناهاوسەنگ و ڕێژەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوەکانیان کەمترە لە پێویستییە ئاوییەکانیان.

**ئەنجام:** دوای ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕو:

١- لەڕوی بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری مرۆیی، شارنشینان ڕێژەی(%٩٥,١٠) و گوندنشینان ڕێژەی(%٤,٩٠)ی کۆی ئاوی پارێزگا بەکاردەهێنن.(٤) قەزا (مەڵبەندی سلێمانی، ڕانیە، چەمچەماڵ، پشدەر)، ڕێژەی(%٨٢,٤٥)ی کۆی ئاوی پارێزگایان بەکارهێناوە، (٨) قەزاکەیتر، تەنها(%١٧,٥٥)ی ئاوی پارێزگایان بەکاردەهێنن.

٢- لەڕوی بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری کشتوکاڵ، پێنج بەرهەمی هاوینە (شوتی، تەماتە، خەیار، بامیە، گوڵەبەڕۆژە)، ڕێژەی(%٧٠,٥)ی کۆی ئاوی بەکارهاتوی ساڵانەی هاوینەیان بەکاربردوە و لەبەرامبەردا (٢٣) بەرهەمەکەی دیکە، هەمویان بەیەکەوە(%٢٩,٥)ی کۆی ئاویان بەکاربردوە. (٥) قەزای پارێزگا (پێنجوین و سەیدسادق و چەمچەماڵ و مەڵبەندی سلێمانی و ڕانیە) ڕێژەی(%٦٩,٤٨)ی ئاوی هاوینەیان بەکاربردوە،(٨) قەزاکەی دیکە، تەنها (%٣٠,٥٢)ی ئاوی هاوینەیان بەکاربردوە. (٥) قەزای پارێزگا (شارباژێر و پشدەر و ماوەت و سەیدسادق و دوکان) بەیەکەوە (%٨١,٦١)ی ڕوبەری ڕەز و باخ و بەکاربردنی ئاوی پارێزگایان لەخۆگرتوە.

٣- لەڕوی بەکارهێنانی ئاو بۆ سامانی ئاژەل: (٤)قەزای پارێزگا (چەمچەماڵ و پشدەر و سلێمانی و دوکان)، (%٧٢,٠٢)ی ئاوی بەکارهاتوی سامانی ئاژەڵیان بەکارهێناوە. و (٥) قەزا (دوکان، ناوەند، چەمچەماڵ، پشدەر، ڕانیە) بەیەکەوە (%٨١,٢)ی کۆی ئاوی کێڵگە پەلەوەرییەکانیان بەکاربردوە. (٤) قەزا (ڕانیە، دوکان، چەمچەماڵ، مەڵبەندی سلێمانی)، ڕێژەی (%٨٧,٤٨)ی کۆی پێویستی ئاوی بەخێوکردنی ماسیان لەخۆگرتوە.

٤- لەڕوی بەکارهێنانی ئاو بۆ پیشەسازی: (٥) قەزا (مەڵبەندی سلێمانی، ڕانیە، دەربەندیخان، دوکان، چەمچەماڵ)، (%٩٦,٨٢)ی پیشەسازییەکانی پارێزگایان لەخۆگرتوە و(%٩٥,١١)ی ئاوی بواری پیشەسازییان بەکاربردوە.

٥- لەڕوی کۆی پێویستی و بەکاربردنی ئاو بۆ سەرجەم کەرتە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی: ڕیزبەندی بەکاربردنی ڕێژەی ئاو لە بەرزەوە بۆ نزم، بەمجۆرەیە: کشتوکاڵ-کشتوکاڵی هاوینە و ڕەز و باخ، (%٤٨,١٦)، پیشەسازی (%٣٨,٩٧)، پێویستی مرۆیی-دانیشتوان (%١١,٨٦)، کێڵگەکانی بەخێوکردنی مریشک (%٠,٤٢)،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

سامانی ئاژەڵ(٠,٣٢%)، پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی(٠,٢٨%). (٥) قەزای پارێزگای سلێمانی: (مەڵبەندی سلێمانی، ڕانیە، چەمچەماڵ، پشدەر، سەیدسادق)، ڕێژەی (٨٤,٢٧%)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە و ڕێژەی (٦٢,٩%)ی کۆی ئاوی سەرجەم کەرتەکانی پارێزگایان بەکارهێناوە. (٧) قەزاکانی دیکە (١٥,٧٣%)ی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە و ڕێژەی (٣٧,١%)ی ئاوی بەکارهاتویان بەکاربردوە.

٦- بەنداوە پێشنیارکراوەکان دەتوانن (٧٢,٦٤%)ی کۆی پێویستییە ئاوییەکانی پارێزگای سلێمانی دابینبکەن. لەسەر ئاستی قەزاکان بەراورد بە (پێویستی ئاو) و (قەبارەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکان)، جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت، بە جۆرێک قەزاکانی (شاربازێڕ، شارەزور)، دەکەونە دەستەی زۆر هاوسەنگ و بڕی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان زۆر زیاترە لە پێویستییە ئاوییەکانیان. قەزاکانی (پشدەر و چەمچەماڵ)، دەکەونە سنوری دەستەی هاوسەنگ، چونکە قەبارەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان هاوسەنگە و بڕێک زیاتریشە بە بەراورد بە پێویستییە ئاوییەکانیان. بەڵام قەزاکانی (ماوەت و دوکان و سەیدسادق و دەربەندیخان و ڕانیە و پێنجوێن و مەڵبەندی سلێمانی و قەرەداغ)، دەکەونە دەستەی نا هاوسەنگ و ڕێژەی ئاوی گەنجینەکراوی بەنداوەکانیان کەمترە لە پێویستییە ئاوییەکانیان.

## پێشنیار:

دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان، ئەم پێشنیارە دەخەینەڕو: (٥) قەزا: (مەڵبەندی سلێمانی، ڕانیە، چەمچەماڵ، پشدەر، سەیدسادق)، ڕێژەی (٨٤,٢٧%)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە و ڕێژەی (٦٢,٩%)ی کۆی ئاوی سەرجەم کەرتەکانی پارێزگایان بەکارهێناوە. بۆیە پێویستە لە کاتی پلاندانان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگانی ئاوی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، زۆرترین پشکی دامەزراندنی بەنداوە پێشنیارکراوەکانیان بەربکەوێت، ئەوەش لە سەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان و پێویستی ئاوی کەرتە جیاوازەکانیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

# Geographical Analysis For Proposed Dams in Sulaimaniyah Province and Their Impacts on Water Necessary Supply

**Shaswar Mohammed Mahmood[1] - Ata Mohammad Aladdin[2]**

[1]Geography Department, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Geography Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The goal of this research is to geographical analysis for revelation of water necessary in Sulaimaniyah governorate for different economic and human sectors in all province districts, and revelation the role and effect of proposed dams on the water supply in Sulaymaniyah. In this research we used inductive method with analysis and comparative methods. The research has got some results, like these: the proposed dams can supply (%72.64) of water necessary for different sectors in sulaymaniyah province, so that the proposed dams will significant role to water supply for sulaymaniya residents. Rainfall fluctuation and decrease ground surface runoff and underground water in Sulaymaniyah now, building proposed dams will necessary in the future, because these dams can collection rain water and decrease using underground water, there for its impacts on decrease water crisis and drought and their can revitalize agriculture sector. In the districts of sulaymaniyah province have differences on water reservoirs in proposed dams comparative with water necessaries. we have differences from district to another, some districts have further water balance, some districts have included water balance border and some districts are in the non-balance group.

**Keywords:** Proposed Dams, Water Supply, Water Necessaries, Sulaymaniyah Province.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6**

## سەرچاوەکان:


براخاس، خليل محمد، التباين المكانى لانتاج المحاصيل الزراعية الصيفية فى محافظة السليمانية(دراسة فى جغرافية الزراعية)، رسالة ماجستير, قسم الجغرافية, كلية العلوم الانسانية, جامعة السليمانية,٢٠١٠، غير منشور.

حسن، طه الشيخ، المياه و الزراعة و السكان، من منشورات دار علاءالدين، دمشق-سورية، ٢٠٠٣.

محمد، بختيار صابر، الاحتياجات المائية فى محافظة اربيل و قياس العوامل المؤثرة فيها ١٩٨٥-٢٠٠١, مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية,السليمانية, ٢٠٠٩.

علاءالدين, عطا محمد. التحليل الجغرافى لواقع واستخدام الموارد المائية في محافظة السليمانية وافاقها المستقبلية, اطروحة دكتوراه, قسم الجغرافية, كلية العلوم الانسانية, جامعة السليمانية,٢٠١٢, غير منشور.

محمد, خليل كريم, الخصائص الهايدرولوجية لحوض نهر تانجرو و امكانية استثمار مياهه – دراسة هايدرولوجية تطبيقية, اطروحة دكتوراه, قسم الجغرافية, كلية العلوم الانسانية, جامعة السليمانية,٢٠١٤.

صالح، صمد عبدالله، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٥، بڵاونەکراوە.

علی، علی حسن، ئاوی ژێر زەوی لە قەزای پشدەردا(لێکۆڵینەوەیەکی هایدرۆلۆجییە)، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، (بڵاونەکراوە).

مینە، هوشیار ابراهیم، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبون و بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی لە ئاوزێڵی ڕوباری سەرکەپکان، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧، (بڵاونەکراوە).

ناصر، سەلام محمود، دەرامەتە سروشتییەکان و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی چالاکییە ئابورییەکان لە قەزای پشدەردا، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٦، بڵاونەکراوە.

وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆغرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، ٢٠١٩.

وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی(سامانی ئاژەڵ و کێڵگە پەلەوەرییەکان و پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەسەر ئاستی قەزاکان) لە ساڵی ٢٠١٨، ٢٠١٩.

وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئاماری پیشەسازی، ئاماری دامەزراوە پیشەسازییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٩، ٢٠٢٠. زانیاری بڵاونەکراوە.

وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری دامەزراوە پیشەسازییەکانی پارێزگای سلێمانی تا بەرواری (٢٠١٩/١٢/٣١)، ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، بەشی پلاندانان و بەدواداچون و بەشی ئامار، ئاماری ڕوبەری داچێنراو بە بەرهەمە زستانییەکان بە دۆنم، لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٠ بۆ٢٠١٩-٢٠٢٠)، ٢٠٢٠، وە ئاماری ڕوبەری داچێنراو بە بەرهەمە هاوینییەکان بە دۆنم، لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠١٠-٢٠٢٠)، ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، بەشی پلاندانان و بەدواداچون، چالاکییەکانی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٠٩)، ئاماری ڕەز و باغ بە دۆنم، لە پارێزگای سلێمانی.

وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی Gis، نەخشەی پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠٢٠.

ministry of agriculture and water resources, dam master plan for kurditan, general map-sites of dams and Kurdistan region, proposed scenario.(sites of existing, execution, projected and planned planned daams in dams in lesser zab basin, sirwan basin, awa spi basin) propsed scenario.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper6

